https://doi.org/10.24271/garmian.368 http://jgu.garmian.edu.krd

# كرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان لەژێر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە كۆنەكاندا

## (چاخی بەردینی كۆن تا كۆتایی سەردەمی ساسانی)

دڵشاد عەزیز زاموا

بەشی شوێنەوار، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر

dlshadazamua@gmail.com

## پوختە

نووسینەوەی كرۆنۆلۆجیای شارستانییەت و مێژووی هەر ناوچەیەك كارێكی پێویستە بۆ تێگەیشتن لە ڕێڕەوی ڕەوڕەوەی شارستانییەت و مێژووی ئەو ناوچەیە. ئامادەكردنی ئەم كرۆنۆلۆجیایەش بۆ ئەو ئامانجەیە كە خوێنەران و توێژەران لەڕێگەیەوە وەك ئاوێنەیەك تێگەیشتنێكی گشتگیریان لەلا دروستببێت كە چۆن دەتواندرێت دووبارە مێژووی شارستانییەتی كۆنی گەرمیان لەژێر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە كۆنەكاندا بنووسرێتەوە. بۆ ئامادەكردنی ئەم كرۆنۆلۆجیایە توێژەر ڕاستەوخۆ سوودی لە بەڵگە شوێنەوارییەكان و نووسینە مێخییەكان و سەرچاوە كۆنەكانی تر بینیوە. هەروەها توێژەرپشتی بەستووە بە تازەترین دۆزینەوە شوێنەوارییەكان و وردەكاری و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بۆ ئەو دۆزینەوە شوێنەوارییانەی كە ماوەی سەدەیەكە لە ناوچەكەدا ئەنجامدەدرێن و وەك پێویست سوود لە دەرئەنجامەكانیان وەرنەگیراوە بۆ نووسینەوەی مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان.

لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵدەدەین چەند پرسیارێك وەڵام بدەینەوە و چەند لایەنێك لە مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان دەربخەین. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بۆ پڕكردنەوەی ئەو پچڕان و بۆشاییانەی لە مێژوو و شارستانییەتی كۆنی ناوچەكەدا هەن و بەبێ زانیاری ماونەتەوە، بەڵگە شوێنەوارییەكان بەكاربهێنرێت بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییانەی دەربارەی مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان تا ئێستا پڕنەكرابوونەوە، بۆ ئەوەی بزانین سەرەتا و دەستپێكی شارستانییەت و مێژووی ئەم ناوچەیە چەندە كۆنە؟ و ڕۆڵی ئەم ناوچەی لە شارستانییەتی كۆنی زاگرۆس و میسۆپۆتامیادا چی بووە؟

**كلیلی ووشەكان :** كرۆنۆلۆجیا، مێژوو ، شارستانییەتی ،گەرمیان ، بەڵگە شوێنەواری ، چاخی بەردینی ،ساسانی

## پێشەكی

ناوچەی گەرمیان بەو سنورە فراوان و هەڵكەوتە جوگرافییەی كە هەیەتی ڕۆڵێكی گرنگی بینیوە لە بەرەوپێشچوونی ڕەوڕەوەی شارستانییەت و مێژووی زاگرۆس و میسۆپۆتامیادا. هەڵكەوتە ستراتیژییەكەی وای لەم ناوچەیە كردووە كە ببێتە گۆڕەپانی

گۆڕانکارییە شارستانی و مێژووییەکان. لەگەڵ ئەوەی زیاتر لەسەدەیەکە شوێنەوارەکانی گەرمیان کنەوپشکنین تێدا ئەنجام دەدرێت و توێژینەوەی شوێنەوارییان لەبارەوە دەنووسرێت، بەڵام تا ئێستا هەوڵێکی گشتگیری زانستی نەدراوە بۆ ئەوەی دەرئەنجامی ئەو کنەوپشکنین و توێژینەوە شوێنەوارییانە بخرێتە خزمەت نووسینەوەی شارستانییەت و مێژووی ناوچەکەوە. بەپشت بەستن بە دەرئەنجامی کنەوپشکنینە شوێنەوارییەکان، توێژەر هەوڵدەدت سەرەتای ژیان و شارستانییەتی ناوچەکە بخاتەڕوو کە لە 120000سەد و بیست هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە دەستیپێکردووە و، بەدرێژایی چاخە بەردینەکان بەردەوام بووە. چۆن مرۆڤ یەکەم گوندە کشتوکاڵییەکانی لەم ناوچەیەدا دروستکردووە؟ چۆن و یەکەم گۆزە و گڵێنە و یەکەم پەیکەری قوڕین لە میسۆپۆتامیا هەر لە گەرمیان دروستکراون؟ پاشان تیشکخراوەتە سەر سەردەمە مێژووییەکان و بۆ ئەم مەبەستەش تیشکخراوەتە سەر بەڵگە شوێنەوارییە دۆزراوەکان و نووسینە مێخییەکان کە لە گەرمیان دۆزراونەتەوە یان لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا باس لە رووداوەکانی گەرمیان دەکەن. ئەم توێژینەوەیە تیشکیشی خستووتە سەر دەرئەنجامی ئەو کنەوپشکنینە شوێنەوارییانەی کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا لەلایەن شوێنەوارناسانی گەرمیان و شوێنەوارناسانی بیانییەوە دۆزراونەتەوە. توێژەران و خوێنەران لەرێگەی ئەم توێژینەیەوە ئاشنا دەبن بە شارستانییەت و مێژووی هەزاران ساڵەی گەرمیان و بۆ هەر سەرەداوی رووداو و لایەنێکی شارستانی توێژەر سەرچاوەی راستەوخۆی بەکارهێناوە تا خوێنەر بتوانێت بگەڕێتەوە سەری. وەك سنووری جوگرافی، ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر هەموو ناوچەکانی گەرمیان، ئەو ناوچانەی سەدان ساڵە وەك گەرمیان ناسراون، نەك ئەو رووبەرەکەمەی سنورەی گەرمیان کە ئێستا پێی دەگوترێت ئیدارەی گەرمیان.

## 1. چاخەبەردینەکان و گزنگی ژیان لە گەرمیان

### 1.1. سەردەمی پێش ئەشکەوت، سەرەتای ژیان لە گەرمیان 120 هەزارساڵ لەمەوبەر:

لەچاخی سەهۆڵینی پلایستۆسیندا ئاووهەوای ناوچەی گەرمیان ساردتر و باراناوی تربووە، لەبەر ئەوە بووەتە جێگەیەکی گونجاو بۆ ژیانی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن. لە کۆنترین بەڵگەکانی ژیانی مرۆڤی چاخی بەردین لە گەرمیان شوێنەواری بەردە پاڵگە( بەردەبەلکا )یە، ئەم شوێنەوارە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی چەمچەماڵ لە دەروبەری 120000سەد و بیست هەزار ساڵ بۆ 60000 شەست هەزارساڵ لەمەوبەردا شوێنی دروستکردنی ئامرازەبەردینەکان بوو.[1]

### 1.2. ئەشکەوتەکان

لەو ناوچە شاخاوییانەی کە دەوری گەرمیانیان داوە چەندین ئەشکەوت هەن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بارودۆخی جەنگ لەسەدەی بیستەمدا دەرفەت نەبووە رووپێوی و کنەوپشکنینیان تێدا ئەنجامدرێت تا بزاندرێت ئایا لە چاخە بەردینەکاندا مرۆڤ لەم ئەشکەوتانە دەژیان یان نا. بەڵام بەڕوانین لەدەرئەنجامی کنەوپشکنین لەو ئەشکەوتانەی کە دەکەونە ئەو ناوچانەی کە نزیکن لە ناوچەکانی گەرمیان دەبینین لە ساڵی 2015دا تیمێکی شوێنەوارناسی کورد بەسەرپەرشتی

[1] Howe, B., Barda Balka, with Foreword by Yorke M. Rowan, Oriental Institute Communications, Chicago, (2014), pp. 1-29. See also, Naji Al-Asil, "Barda Balka," Sumer Journal vol.5, Baghdad, (1949), pp. 205-206.

شوێنەوارناسی کورد دکتۆر فەرەیدون بیگلەری لە چیای شاهۆ لە کەناری رووباری سیروان (لەنزیك سنوری ئێران-عێراق) کنەوپشکنینان ئەنجامدا و بەهەمان شێوە شوێنەوار و ئامرازی چاخی بەردینی کۆنیان دۆزییەوە کە بەڵگەن بۆ ئەوەی مرۆڤ نزیکەی40000 چل هەزارساڵ تا 13000 سیانزە هەزار ساڵ پ.ز. ئەم ئەشکەوتەیان وەك پەناگەیەك بەکارهێناوە و بەڕاوی کەڵە کێوی و کۆکردنەوەی بەرووبوومی رووەکییەوە خەریك بوون.[2]

**1.2.1.هونەری سەرتاشەبەرد(Rock Art) کۆنترین بەڵگەی شوێنەواری چاخی بەردینی ناوەڕاست**

ئەفسەری بەریتانی ئەدمۆنز لە ساڵی 1925دا لە ناوچەی رۆژهەلاتی رووباری سیروان و دەربەندیخان، لەنزیك شێخان کۆنترین وێنەی هونەری سەربەردی دۆزییەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست، هەرچەند ئەوکات ئەدمۆنز گرنگی ئەم دۆزینەوەی خۆیی نەزانی، چونکە ئەو تەنها راپۆرتی لەسەر نەخشە چیاییە شاهانەکانی زاگرۆس ئامادە دەکرد. بەڵام دوای نزیکەی هەشتا ساڵ چەندین وێنەی سەرتاشەبەرد لە ناوچەی ئەحمەد بڕندە و گوڵانی رۆژئاوای رووباری سیروان (رۆژئاوای دەریاچەی دەربەندیخان) دۆزرانەوە و، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە رۆخی رووباری سیروان و کانی و ئاوەکانی نزیك رووبارەکە سەرچاوەیەکی گرنگی راوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان بوون لەلایەن مرۆڤەکانی چاخی بەردینەوە.[3]

1.3. **شۆڕی کشتوکاڵی و کۆنترین گوندەکانی چاخی بەردینی نوێ (7500-6200پ.ز.)**

**1.3.1.گوندی چەرمو**

گوندی چەرمو(جەرمۆ) لە کۆتایی چلەکانی سەدەی بیستەمدا تیمێکی شوێنەوارناسی ئەمریکی زانکۆی شیکاگۆ بوونە خاوەنی دۆزینەوەیەکی گرنگ لە نزیك چەمچەماڵ. ئەویش دۆزینەوەی شوێنەواری گوندی چەرمو بوو، کە ئەو کات بەیەکەم گوندی کشتوکاڵی نمونەیی لە میسۆپۆتامیا و زاگرۆسدا دادەندرا. لەم گوندەدا شوێنەواری زیاتر لە دەیان خانوو دۆزرانەوە، دۆزینەوەی شوێنەواری بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵی دانەوێڵە و دروستکردنی کۆنترین گۆزە و بازرگانی و بیناسازی بناغە بەردین و دیواری خشتی قوڕ لە گرنگترین بەڵگە شوێنەوارییەکانی ئەم گوندە بوون. لە گوندی کەریم شایەریش لە نزیك چەمچەماڵ بەهەمان شێوە شوێنەواری گوندێکی چاخی بەردینی نوێ دۆزرایەوە.[4]

**1.3.2.گوندی کانی ماسی**

لە باشوری رۆژهەڵاتی کەلار، تیمێکی بیانی بەسەرپەرشتی زانکۆی گلاسگۆی بەریتانی لە شوێنەواری کانی ماسی ئامرازی بەردینی چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازییان دۆزییەوە کە تەمەنی زیاتر لە دە هەزار ساڵ دەبێت. هەروەها لەم ناوچەیە گڵێنەی سەردەمی شارستانییەتی حەسونە (6200-5500پ.ز.)یان دۆزییەوە، لەسەر گۆزەکان نەخشی ئەندازەیی هەیە.[5]

---

[2] Editorial Staff, “Remains of stone age hunters found in Iranian Kurdistan” EKurd Daily News, December 31st 2015, http://ekurd.net/stone-age-hunters-iranian-kurdistan-2015-12-31.

[3] Cecil, J. Edmonds “Two More Ancient Monuments in Southern Kurdistan,” The Geographical Journal, Vol. 72, No. 2 (Aug., 1928), pp. 162-163.

[4] Burce Howe, “Karim Shahir,” In: Braidwood, L., et al., Prehistoric Archaeology along the Zagros Flanks, Chicago, (1983), pp.23-155.

[5] Jesse Casana & Claudia Glatz, “The Land Behind the Land Baghdad: Archaeological Landscapes of the Upper Diyala (Sirwan) River Valley,” IRAQ (2017), vol. 79, pp. 47–69. esp. fig.4, p.53ff.

### 1.3.3. كۆنترین هەڵپەڕكێ لە گوندی چۆخەمامی نزیك مەندەلی (5500-4900پ.ز.)

لە ساڵی 1960دا جۆن و دەیڤید ئۆتسی مێردی كە دوو شوێنەوارناسی بەریتانی بوون دەستیانكرد بە گەڕان و كنەوپشكنین لە ناوچەی مەندەلی، لە گوندی چۆخەمامی شوێنەواری كۆنترین نمونەی دیمەنی هەڵپەڕكێیان لەسەر رووی گۆزەكان دۆزییەوە كە هاوسەردەم بوو لەگەڵ دۆزینەوەكەی سامەڕا و بۆ سەردەمی شارستانییەتی سامەڕا (5500-4900پ.ز.)دەگەڕایەوە. بەم شێوەیە دەبینین لەگەرمیان ژیان بەردەوام بووە و ئەو جۆرە هەڵپەڕكێیەش لەوانەیە بۆ بارانبارین ئەنجامدرابێت، چونكە لەم سەردەمە بەدواوە بەشێك لە ناوچەكانی گەرمیان و میسۆپۆتامیا كە پشتیان بە دانەوێڵەی دیمێ دەبەست و هەندێكجار باران كەم دەباری، لەوانەیە مرۆڤی ئەو سەردەمە ئەم جۆرە هەڵپەڕكێیەی بۆ باران بارین داهێنابێت. هەروەها لە دەشتی حەمرین تیمێكی ژاپۆنی لە گردەكانی تل ریحان و صنگور بەڵگەی گرنگیان دەربارەی ئەم شارستانییەتە دۆزییەوە.[6]

### .1.4.شوێنەواری چاخی بەردینی كانزایی لە گردی رەحیم لە سەردەمی شارستانییەتی حەلەف (4900-4500پ.ز.).

شارستانییەتی حەلەف بەناوی گوندی حەلەف لە رۆژئاوای كوردستان لەنزیك سەرێ كانی لەلایەن شوێنەوارناسانەوە ناوندرا، چونكە بۆ یەكەمجار لە ساڵی 1912ز شوێنەوارناسی ئەڵمانی لیۆ ئۆپینهایم ئەم جۆرە شارستانییەت و گڵێنە نەخشێندراوانەی ئەم سەردەمەی لە شوێنەواری حەلەف دۆزییەوە و بەو شێوەیە بەناوی گوندی حەلەفەوە ئەو شارستانییەتە ناوندرا شارستانییەتی حەلەف. لە ساڵی 2012ز تمێكی هاوبەشی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان كنەوپشكنیان لە شوێنەواری گردی رەحیم لە رۆژئاوای كەلار ئەنجامدا. لەم دۆزینەوەیەدا بەڵگەی گڵێنەی نەخشێندراو و بیناسازی گرنگیان دۆزییەوە كە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی شارستانییەتی حەلەف (4900-4500پ.ز.). ئەم دۆزینەوە گرنگە دەگمەنە بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە شارستانییەتی حەلەف هەتا رۆخی رووباری سیروان بلاوبووەتەوە و، هەروەها بەڵگەیەكی گرنگە دەربارەی بەردەوامی ژیان لە گوندەكانی چاخەبەردینەكان لەسەردەمە جیاوازەكاندا لە ناوچەی گەرمیان.[7] بەهەمان شێوە بەڵگەی بیناسازی و گڵێنەی شارستانییەتی حەلەف لەچینیەكانی ژێرەوەی شوێنەواری وێران تەپە (شاری نوزی)ی باشوری خۆرئاوای كەركوكدا دۆزرایەوە.[8]

### 1.4. سەردەمی شارستانییەتی عوبەید (4500-3500پ.ز.)

---

[6] دلشاد عزیز زاموا، "دراسة تحلیلیة للزخارف الآدمیة و الحیوانیة علی فخاریات حضارة سامراء(5500-4900 ق.م.)، مجلة هزارمیرد، العدد 25، السلیمانیة (2004)، ص ص 243-270.

[7] لە بەرواری 12ی ئابی ساڵی 2012دا توێژەر سەردانی شوێنەواری گردی رەحیمی كرد و تیمە شوێنەوارناسەكە پارچە شوێنەوارە دۆزراوەكان و بەڵگە بیناسازییەكانیان بۆ باسكردین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا راپۆرتی كنەوپشكنینەكان بلاونەكراوەتەوە.

[8] Starr, R.F.S., 1937 *Nuzi report on the excavations at Yorgan Tepa near Kirkuk, Iraq conducted by Harvard University in conjunction with American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931*, Vol. I, Harvard University Press, (1937), pp.9, 509.

بەڵگەی شوێنەواری دەربارەی سەردەمی شارستانییەتی عوبەید لە گەرمیان تەنها لە گردی قەڵای سپی چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە.[9]

### 2. سەردەمە مێژووییەكان و بەردەوامی ڕەوڕەوەی مێژوو و شارستانییەت لە گەرمیان

#### 1.3. دۆزینەوەی كۆنترین پەرستگە لە گەرمیان سەردەمی شارستانییەتی وەركا (ئوروك) لە شوێنەواری لۆگردان (3500-3100پ.ز.)

لە ساڵانی 2016-2017دا تیمێكی شوێنەوارناسی فەڕەنسی بەهاوكاری شوێنەوارناسانی كورد، شوێنەواری كۆنترین پەرستگەی چاخە مێژووییەكانی گەرمیانیان لە گردی شوێنەواری لۆگردان لە ڕۆژئاوای چەمچەماڵ دۆزییەوە. لە گردەكە پەرستگەیەكی سەردەمی شارستانییەتی وەركا(ئوروك)ی سۆمەری دۆزراوەتەوە كە هاوسەردەم و هاوشێوەی پەرستگەكانی شاری وەركای سومەرییە لە باشوری میسۆپۆتامیا.[10] ئەم دۆزینەوەیەك بەڵگەیەكی گرنگە لەسەر پەیوەندی شارستانی سومەرییەكان لەگەڵ ناوچەكانی گەرمیان بەتایبەت لەرووی ئاینییەوە، هەروەها لەرووی ئابوریشەوە دۆزینەوە شوێنەوارییەكانی نشینگەی بازرگانی سومەرییەكان لە گردی كانی شایێ باشوری خۆرهەڵاتی دەشتی بازیان بەڵگەی بەهێزی پەیوەندی شارستانی خەڵكی ناوچەكەن لەگەڵ سومەرییەكانی باشوری میسۆپۆتامیادا.[11]

#### 2.2. سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵە سومەرییەكان

لەم سەردەمەدا سومەرییەكان چەندین بنەماڵە و دەوڵەتە شاریان لە باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا دامەزراند و هەریەكێك لەو دەوڵەتە شارانە خاوەن میر و پەرستگە و سوپا و زەوی و زار و لەوەڕگەی خۆی بوو. هەندێك لەو دەوڵەتە شارانە توانییان سنوری خۆیان فراوان بكەن و هێرشی سەربازییان بۆ شارەكانی دراوسێیان و تەنانەت بۆسەر ناوچەكانی زاگرۆسیش ئەنجامدا و هەندێكیشیان پەیوەندی بازرگانییان لەگەڵ ناوچەكانی زاگرۆس ئەنجامدا.

#### 2.2.1. میری سومەری، نانێ هێرشی كردە سەر شاری سیمورو

نانێ، میرێكی سومەری بوو لە دەوروبەری سەدەی 28پ.ز.دا، هێرشیكردەووەتە سەر شاری سیمورو لە گەرمیان، هەرچەندە شارەكەی گرتووە، بەڵام فریای تاڵانكردنی نەكەوتووە و كشاوەتەوە و سەركەوتوو نەبووە. لە تۆمارێكی تردا نووسراوە ئەو میرە شوراكانی شارەكەی تێكنەداوە (واتە فریای ئەوە نەكەوتووە شوراكان تێكبدا و سوپاكەی شكاوە). شایەنی باسە شاری سیموروم

[9] Marta Luciani, M. van Ess and K. Rasheed Raheem, “Recent research on the site of Chemchemal and its surrounding region,” Paper presented in the international conference *Archaeological Research in the Kurdistan Region of Iraq and the adjacent areas,* Athens, November 1st-3rd 2013.

[10] لەبەر ئەوەی تەنها دوو وەرزە لە ساڵی 2016 و 2017دا تیمەكە كارەكانی هەڵكۆڵینیان دەستپێكردووە لەبەر ئەوە ئەوەندەی ئاگاردابین هیچ ڕا پۆرتێكیان بڵاونەكردووەتەوە. بەڵام بۆ ڕاگەیاندنە ناوخۆییەكان لێدوانیان داوە و باسی گرنگی دۆزینەوەكەیان كردووە.

[11] Andre Tome, Ricardo Cabral and Steve Rentette, “The Kani Shaie Archaeological Project,” in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions. *Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013*, Oxford : Archaeopress, (2016), pp.427-434.

کۆنترین شاری گەرمیانە تا ئێستا ناوی لە تۆمارە کۆنەکاندا زاندرابێت.[12] بۆچوونی جیاوازهەیە دەربارەی هەڵکەوتەی جوگرافیایی شوێنەواری شاری سیموروم، دەربارەی شوێنی شاری سیمورروم بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك لە پسپۆڕان پێیان وایە لە جەبەل حەمرین و رووباری عوزێم نزیك بووە.[13] بۆچوونێکی تر شوێنەوارەکەی بە گردەکەی قەلاّی شێروانەدادەنرێت، تازەترین دۆزینەوەی بەڵگە شوێنەوارییەکان لە گردی قەلاّی شێروانە، بەتایبەت گڵێنەسازی دەیسەلمێنێت کە لە ژێر گردی شێروانەدا نشینگەیەکی گەورە/شارێکی چاخی برۆنزی و چاخی ئاسنی هەبووە، کە ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگ دەبێت بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونە، تەنانەت بەراوردی سیموروم دەکرێت بە شاری سە یمەڕەی سەردەمی ئیسلامی و سەرچاوەی گەڕیدەکانی سەردەمی ئیسلامی.[14] ناوی (چەمی سمۆر)یش لە قەرەداغ پێشنیارکراوە وەك پاشماوەی ناوی رووبارێکی ولاّتی سیموروم لەوانەیە هاتبێت و گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت.[15] هەروەها بە لێکچوون لەگەڵ ناوی شەمێران وا مەزندەکراوە کە لە ناوچەی شەمێران بێت، لە ناوچەی شەمێران هیچ گردێکی شوێنەواری وەك پاشماوەی ئەو شوێنەوارە پێشنیارنەکراوە.[16] بەلاّم دواجار تەنها هەڵکۆڵینی شوێنەواری و دۆزینەوەی نووسینی مێخی کە ئاماژە بەناوی ئەو شارەبکات ئەم بۆچوونە جیاوازانە یەکلادەکاتەوە.

**2.2.2. سارگۆنی ئەکەدی گەرمیان داگیردەکات و یەکەم ئیمپراتۆرییەت لەمێژوودا دادەمەزرێنێت**

**و شاری سیموروم و ئەرزوخینای داگیرکرد:**

**سارگۆنی ئەکەدی شاری (سیمورروم)ی داگیرکرد**

لە ساڵی چوارەمی فەرمانڕەواییدا لە دەوروبەری 2346پ.ز.، سارگۆنی ئەکەدی هێرشیکردە سەر ناوچەی گەرمیان، گرنگی ئەم هێرشە وەك رووداوێکی مێژوویی لەلایەن ئەکەدییەکانەوە تۆمارکرابوو، تەنانەت رووداوی ساڵنامەی چوارەم ساڵی فەرمانڕەوایی سارگۆنی پێ تۆماردەکرا و دەنووسرا "*ئەو ساڵەی سارگۆن چوو( هێرشیکرد) بۆ شاری سیمورروم*".[17]

**سارگۆن شاری ئەرزوخینای داگیرکرد**

لەنووسینە شاهانەکانیدا، سارگۆنی ئەکەدی باس لە داگیرکردنی شاری ئەرزوخینا دەکات، شوێنەواری ئەم شارە هەرچەندە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە، بەلاّم زۆرێك لە پسپۆڕان پێیان وایە کە شوێنەواری ئەم شارە دەکەوێتە گردە شوێنەوارییەکەی ژێر قەلاّ سپی ناو شاری چەمچەماڵ.[18] هەرچەندە بۆچوونێکی تریش هەیە کە پێی وایە گردی (گۆك تە پە)ی نزیك ئاغجەلەر لەوانەیە شوێنەواری ئەو شارە کۆنە بێت.[19] بێگومان داگیرکردنی ئەو شارە گرنگەی کە ئەو کات وەك پایتەختی هەرێمێك وابووە

---

[12] بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی شار و شانشینی سیمورروم دەڕواندرێتە: Ahmed, (2012), Op.Cit., pp.230-284.

[13] RIME 2 1993 Sargon E2.1.1, p.8.

[14] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شار و شانشینی سیمورروم و مێژووەکەی و هەڵکەوتەی جوگرافییەکەی دەڕواندرێتە : Ahmed 2012, Op.Cit., pp.299, 229-340; Casana & Glatz, (2017), fig.6, p.56.

[15] زاموا 2007، هەمان سەرچاوە 3-9.

[16] Frayne, D.R., “On the Location of Simurrum”, in Young, G. D., Chavalas, M. W. and Averbeck, R. E. (eds.), Crossing Boundaries and Linking Horizons: Studies in Honor of Michael C. Astour. Bethesda: CDL Press, 1997, pp. 243–69.

[17] RIME 2 1993 Sargon E2.1.1, p.8.

[18] Raheem, K., et al., Op. Cit.

[19] Simo Parpola and & Porter, M., *The Helsinki Atlas of The Near East in the Neo Assyrian Period*, Helsinki. (2001), map.4.

و سنوری قەزای چەمچەماڵی ئەمڕۆ هەمووی سەر بە ئەرزوخینای ئەوکات بووە، بەم شێوەیە بەشێك لە ناوچەی گەرمیان کەوتووەتە سنوری سەر ئەم هەرێمە.

### 2.2.4.نەرامسینی پاشای ئەکەد شەڕی لەگەڵ ساتونی پاشای لوللوبییەکان کرد

نەرامسینی ئەکەدی (2254-2218پ.ز.) لە نووسینە شاهانەکەیدا لەسەر میلی سەرکەوتن بەوێنەی نەحتکراو و، بە نووسینی مێخی و زمانی ئەکەدی باس لە هێرش و سەرکەوتنەکانی بەسەر (ساتونی) پاشای لوللوبییەکاندا دەکات. وەك لە وێنە هەڵکەندراوەکانی سەر میلەکەدا دیارە شەڕەکە لە ناوچەیەکی سەختی شاخاویدا روویداوە، ئاشکرایە لوللوبییەکان لە ناوچەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و شارەزوور ژیاون و ئەگەر لەم کاتەدا دەسەلاتیان فراوان بووبێت ئەوە ناوچەکانی باکوری گەرمیان و چیاکانی قەرەداغیش لەبەردەستیاندابووە. ئەو لوتکە سەختانەی کە لەوێنە هەڵکەندراوەکانی سەر میلەکەدا دیارن نازاندرێت کە داخۆ دەبێ زنجیرە چیاکانی قەرەداغ بن، یان بەمۆ یا خود چیای پیرەمەگرون یان زنجیرەچیاکانی نزیك سورداش. بەداخەوە لە نووسینەکەیدا نەڕامسین ناوی شوێنی شەڕەکەی نەهێناوە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم میلە بەردینە لەزاگرۆس نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو لەولاتی بابل بوو بۆ ماوەی زیاتر لە هەزارساڵ و دواتریش کاتێك عیلامییەکان دەوڵەتی کاشییەکانیان لە ساڵی 1157پ.ز. رووخاند ئەم میلەی نەرامسین و میلی قانونی حامورابییان بەتالانی برد بۆ شاری سوسە لەولاتی عیلام و لەساڵی 1902ز.دا تیمێکی فەرەنسی هەردوو میلەکەیان دۆزییەوە و بردیاننە مۆزەخانەی لوڤەر لە پاریس.[20]

### 2.2.5.شاری گاسور یەکێك لە کۆنترین شارەکانی گەرمیان

لە شوێنەواری (وێران تەپە)دا لەباشووری رۆژئاوای کەرکوك پاشماوەی یەکێك لە کۆنترین شارەکانی گەرمیان کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمەوە بنیاتنرابوو دۆزرایەوە.[21] حەوت سەدە دواتر و لەسەردەمی ئەکەدییەکاندا 1350پ.ز. بۆ یەکەمجار ئەم شارە ناوی لە تۆمارە مێخییە کۆنەکاندا هات و دەرکەوت کە لەسەردەمی ئەکەدییەکاندا پێی گوتراوە شاری گاسور.( ئیتبێ-لاببا ) یەکەم میری شاری گاسور بوو لە سەدەی 23-22ی پ.ز.[22]

### 2.2.6.ئیتیتی فەرمانڕەوای ئاشور، شاری گاسور تالان دەکات

لەسەدەی 23پ.ز.دا فەرمانڕەوای شاری ئاشور، ئیتیتی کوڕی ئینین-لاببا، ئەم تابلۆیەی لە تالانییەکانی شاری گاسورەوە هێناوە و پێشکەشی خواوەند عەشتاری کردووە.[23]

### 2.2.7.ئانوبانینی پاشای لوللوبییەکان دەگاتە باکوری خۆرهەلاتی گەرمیان

[20] Winter, I., J., “The Conquest of Space in Time: Three Suns on the Victory Stele of Naram-Sîn,”In: Dercksen, J.G., & Larsen, M. T., (eds.), *Assyrian and Beyond studies presented to Mogens Trolle Larsen*, Leiden: NINO, (2004): 607-628.

[21]Starr, R.F.S., 1937 *Nuzi report on the excavations at Yorgan Tepa near Kirkuk, Iraq conducted by Harvard University in conjunction with American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931*, Vol. I-II, Harvard University Press, (1937).

[22]RIME 2: E2.5.1. = Frayne, D., Sargonic and Gutian Periods (2334-2113 BC), 1993, pp.240f.

[23] RIME 2: E.2.4.1.pp.238f.

یەكێك لەو بەڵگە شوێنەواریی و هونەرییە گرنگانەی كە لوللوبییەكان تۆماریانكردووە لە رۆژهەلاتی گەرمیان نەخشە چیاییەكەی پاشای لوللوبی (ئانوبانینی)یە، ئەم پاشایە وێنەی سەركەوتنی خۆی بەسەر دوژمنەكانیدا بەرامبەر خواوەند عەشتاری جەنگ هەڵكەندووە. لە دیمەنەكەدا پاشا ئانوبانینی راوەستاوە و كلاوێكی خڕی لێوار ئەستوری لەسەردایەوە و ریشێكی درێژی هەیە و كەوانەكەی كردووەتەشانی و بەدەستی چەپی گرتوویەتی. بەدەستی راستی تەورێكی پێیە و تەنورەیەكی لەبەردایە وقاچی خستووتە سەر سكی یەكێك لە دوژمنە دیلەكانی و لەدوای ئەوەوە دیلێكی تریش دەپاڕێتەوە و لەخوار ئەمانیش ژمارەیەك دیل بەرووتی و كۆتكراوی وەستاون و یەكەم دانەیان تاجێكی لەسەردایە دیلەكان هەموویان بە قەبارەی بچووكتر وێنەیان هەڵكەندراوە. بەرامبەر ئانوبانینی خواوەند عەشتاری جەنگ وەستاوە و چەكەكانی لەشانكردووە و پەتێكی بەدەستەوەیە دوو دیلەكەی بەردەم پاشای لە لوتیانەوە كۆتكردوون و بە دەستی راستی داردەست/عەسا و ئاڵقەی یاسا و دەسەلات دەدات بە ئانوبانینی. ئانوبانینی لەسەرە نەخشەكە و لەچوارچێوەیەكی تایبەتدا بە خەتی مێخی و زمانی ئەكەدی بە سێ ستوونی نووسین باسی لەسەركەوتنەكانی خۆی كردووە. لەسەرەتادا نووسیویەتی كە ناوی ئانوبانینی یە و پاشای شاری لوللوبییەكانە و ئەم نەخشەی لە چیای باتیر هەڵكەندووە.[24] مەبەست لە چیای باتیر هەمان چیای دەربەندی سەرپولی زەهاوە كە دواتریش ئەم چیایە وەك خواوەندێك پەرستراوە و، یەكێك لەو مۆرە لولەییانەی لە دەشتی حەمرین لە تەل سولەیمە دۆزرایەوە مۆری كاهینی پەرستگەی ئەو خواوەندەبوو كە بۆمان دەردەكەوێت وەك خواوەندێك ژن پەرستراوە و پێی وتراوە خواوەند باتیریتوم.[25] هەرچەندە نازاندرێت بۆچی مۆری ئەو كاهینەی خواوەند باتیریتومی ناوچەی زەهاو گەیشتووەتە دەشتی حەمرین؟ بەلام ئەگەر بێتو ئەو خواوەندە لە حەمرین پەرستگەی هەبووبێت ئەوا واتای ئەوەیە كە پەرستنی شاخی باتیر وەك خواوەندێك لە زەهاوەوە بە گەرمیان و حەمریندا بلاوبووەتەوە.[26]

### 2.2.8. داستانی كوثا: حەوت كوڕەكەی ئانوبانینی هێرش دەكەنە سەر نەرامسینی پاشای ئەكەد

لە داستانی كوثادا باس لە هێرشی گەلانی زاگرۆس بۆ سەر ئەكەدییەكان دەكرێت، پاڵەوانی داستانەكە ئانوبانینی و نەوەكانییەتی كە هێرش دەكەنە سەر نەرامسینی پاشای ئەكەد. هەرچەندە ئەم داستانە لە تۆمارە مێژووییەكاندا پشتڕاستنەكراوەتەوە، بەلام كەسایەتییەكانی ناو داستانەكە بەتایبەت ئانوبانینی و نەرامسین دوو پاشای بەهێزی لوللوبییەكان و ئەكەدییەكان بوون. ئەگەر ئەم رووداوە روویدابێت، ئەوا دەبێت لە كۆتاییەكانی دەسەلاتی نەرامسیندا بووبێت، ئەوكاتەی كە پیربووە و توانای نەماوە وەك پێشتر هێرش بكاتە سەر لوللوبییەكان و ناوچەكانی زاگرۆس. بە پێی ناوەڕۆكی

---

[24]Behzad M. Nasrabadi,"Beobachtungen zum Felsrelief Anubaninis," ZA 94 (2004), pp.291-303; Kozad M. Ahmed, The Beginnings of Ancient Kurdistan (c.2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis, PhD dissertation, Leiden University, (2012), pp.306-307.

[25] Dlshad A. Marf, (forthcoming) "Deified mountains in the Zagros; Nishba, Batir, Andarutta, and Hiptunu," Paper presented in the Zagros Symposium, organized by the NINO in Leiden, December 1st & 2nd, 2014.

[26] Dlshad A. Marf, Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros, PhD dissertation, Assyriology Department, Leiden University, Netherlands, (2016), pp. 103, 107; Dlshad Marf "Deified mountains in the Zagros; Nishba, Batir, Andarutta, and Hiptunu," Paper presented in the *Zagros symposium*, organized by the NINO in Leiden, December 1st 2014.

داستانەکە کە چەند کۆپییەکی لە شاری نەینەوا و لە ولاتی ئەنادۆل دۆزراوەتەوە، باس لە جەنگی نێوان گەلانی زاگرۆس و ئەکەدییەکان دەکات. بەتایبەت شەڕی نێوان نەرامسین و کوڕەکانی ئانوبانینی (پاشای لوللوبییەکان)؟ بە پێی داستانەکە حەوت کوڕی ئانوبانینی لە چیاکانەوە هاتنەخوارێ و هێرشیانکردە سەرئەکەدییەکان و 17 حەڤدە پاشای تریش هاوکاری کوڕەکانی ئانوبانینییان دەکرد.[27]

### 2.2.9.گوتییەکان لەگەرمیانەوە هێرش دەکەنە سەر ئەکەدییەکان و دەوڵەتەکەیان دەڕوخێنن

بە پێی تۆماری لیستی شاهانە سومەرییەکان، گوتییەکان کۆتایی بە دەوڵەتی ئەکەدی هێنا و، یەکەم ئیمپراتۆرییەتی مێژوویان رووخاند. گوتییەکان لە ناوچەکانی گەرمیانەوە بەهاوکاری گەلانی زاگرۆس توانییان هێرش بکەنە سەر ئەکەدییەکان و دەوڵەتەکەیان بڕوخێنن و ببنە فەرمانڕەوای زۆربەی میسۆپۆتامیا بە ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیاشەوە.[28]

### 2.2.10.ئێرریدو- پیزیری پاشای گوتییەکان لەولاتی سومەرەوە هێرش دەکاتە سەرگەرمیان

ئێرریدو- پیزیری پاشای گوتییەکان لە تۆمارێکی شاهانەیدا کە پێشکەش بە پەرستگەی خواوەندی ئێنلیلی کردووە لەشاری نوففەری سومەری، باس لە هێرشەکانی دەکات بۆ ناوچەکانی مادگا، لوللوبوم، ئوربیلوم و لەو هێرشانەیدا ئەو ناوچانە دەخاتە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتەکەی. لەو تۆمارەیدا باسی را پەڕینی پاشای سیموررووم دەکات کە ناوی **کا-نیشبا** بووە، **ئێرریدو-پیزیر** بەم شێوەیە باسی ئەو رووداوانە دەکات:

*"ئێرریدو- پیزیر، پاشای بەهێز، پاشای ولاتی گوتیوم و هەرچوارلای جیهان. ئەوکاتەی کا-نیشبا( پاشای سیموررووم) دەستی بە دوژمنکارییەکانی کرد. و فەرمانەکانی ئێنریدا- پیزیری باوکمی ( پشتگوێخست)کرد. (باوکم) پاشا بەهێزەکە، پاشای گوتیوم و هەر چوارلای جیهان. (کا-نیشبا ) هانی خەڵکی ولاتانی چیانشینان و شارەکانی دا بۆ را پەڕین. هەتا ولاتی لوللوبوم و ولاتەکانی....خواوەند عەشتار سوپاکانی لە شاری ئەگادە مۆڵدا، بەنیازی هێرشکردنە سەر سیموروم. ئێریدو- پیزیر چووە (شاری ئەگادە)لەو کاتەدا سوپاکە بەرانێکی گەورەیان کرد بە قوربانی بۆ خواوەندەکانی شاری ئەگادە."*[29]

سیموررووم دەکەوتە ناوچەی کەلار، بەلام مادگا بە ناوچەی کفری یان داقوق داندراوە، کۆزاد ئەحمەد پێی وایە **مادگا** کەوتبووە دامێنی سەگرمە –قەرەداغ، چونکە لە نووسینە مێخییەکەدا دەڵێت میری مادگا شارەکەی خۆی بەجێهێشت و هەڵهات بۆ شاخەکە.[30]

### 2.2.11. پاشا گودیا کانزای مسی لە گەرمیانەوە بۆ شاری لەگەشی سومەری برد

---

[27] Joan Goodnick Westenholz "Heroes of Akkad," Journal of the American Oriental Society, Vol. 103, No. 1, Studies in Literature from the Ancient Near East, by Members of the American Oriental Society, Dedicated to Samuel Noah Kramer (Jan. - Mar., 1983), pp. 327-336; also see, Edzard, D. O. and M. Gallery "Kutha," *RlA* 6 (1980-1983), pp.384-387.

[28] Ahmed (2012), pp.90f., 125.

[29] Ahmed (2012), p.145, and its bibliography.

[30] Ahmed (2012), pp.150-151, and its bibliography.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی گوتییەکاندا یەك شاری سومەری بەسەربەخۆیی مایەوە و درێژەی بە فەرمانڕەوایی خۆیدا، ئەو شارەش شاری لەگەش بوو، ئەم شارە لەلایەن سومەرییەکانەوە زۆر خۆشەویست نەبوو تەنانەت لەلیستی شاهانەی سومەرییەکانیشدا نووسەر و مێژوونووسە سومەرییەکان ناویان نەدەهێنا وەك ئەوەی سومەری نەبن.[31] هەرچەندە بەزمانی سومەری چەندین تۆماری بەنرخیان بەجێهشتووە. هۆکاری تریش هەن بۆ نمونە گومان دەکرێت کە بنەماڵەی لەگەشی دووەم، بەتایبەت پاشا گودیا خۆی سومەری نەبووبێت و، ئەمەش تەنها وەك گریمانەیەك لەلایەن شوێنەوارناسی ئەڵمانی ئەنتوان مۆرتگاتەوە تیشکی خراوەتەسەر، بەڵام هەروەك خۆی دەڵێت بەڵگە لەبەردەستتدا نییە.[32] هەر لە نووسینە شاهانەکانیدا، پاشا گودیا(2144-2124پ.ز.) دەڵێت کە لە شاری کیماش لە شوێنێك کە بە زمانی سومەری پێی دەگوترا شاری ***کاگاڵ-ئات*** ***(KÁ.GAL-at.KI)***، بە زمانی ئەکەدی پێی دەگوترا شاری (***ئەبوللات***$Abull\bar{a}t$) واتە شاری مس، لەسەر چیای کیماش مسی تواندەوە و داردەستی لێ دروستکرد.[33] شاخی کیماش بە ناوچەی (قۆش تەپە) ی نزیك کەرکوك داندراوە.[34] هەرچەندە ئەم شاخە لەوانەیە ناوچەیەك بێت لە رۆژهەڵاتی گەرمیان نەك لە رۆژئاوای گەرمیان.

### 2.2.12.رووخانی دەوڵەتی گوتییەکان لە باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا و گەڕانەوەیان بۆ گەرمیان

ئوتوحیگالی پاشای شاری وەرکای سومەری توانی دەسەلاتی گوتییەکان لە ولاتی سومەر کۆتایی پێبهێنێت، بەم شێوەیە گوتییەکان زۆربەیان گەڕانەوە گەرمیان.[35]

### 2.2.13.ئورنەمموی پاشای سومەری هێرش دەهێنێتە سەرگەرمیان و هەر لەوێ دەکوژرێت

پاشای سومەری ئورنەممو(2113-2094پ.ز.)، دامەزرێنەری بنەماڵەی ئوری سێیەمی سومەری بوو لە شاری ئور، هەروەها یەکەم پاشا بوو کە قانونێکی تایبەتی نووسییەوە. ئەم پاشایە سنوری دەوڵەتەکەی فراوانکرد و زۆربەی ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیای گرتەوە و بەرەو زاگرۆس بەڕێکەوت و هێرشیکردە سەر گوتییەکان لە گەرمیان، نووسینەکەی ئورنەممو دەڵێت ئورنەممو هێرشیکردە سەر "دەڤەری گوتی و سیمودار".[36] ئورنەممو لە هێرشێکیدا بۆ سەر گوتییەکان و داگیرکردنی ناوچەکانی گەرمیان کوژرا، بە پێی ناوەڕۆکی دەقی لاواندنەوەی ئورنەممو، دەبێت سەرەتا بریندارکرابێت و دواتر لەهەمان شەڕدا سەبڕدراوە و لاشەکەی لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا بەجێهێڵدراوە، بەڵام دوای شەڕەکە سوپای سومەری مەیتەکەی

---

[31] طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، ج1، بلاد الرافدين، بغداد(2012)،ص 409. هەروەها دەڕواندرێتە
RIME 3 1 Edzard 1997 Gudea and His Dynasty.

[32] انطون مورتكَات، الفن في العراق القديم، ترجمة :عيسى سلمان و سليم طة التكريتي، بغداد، (1975 )، ص ص205-229.

[33] RIME 3/1, Gudea E3/1.1.7. StB: vi 21-25.

[34] بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە :.Ahmed 2012: 69; Frayne 1999:159-162

[35] باقر (2012)، نفس المصدر، ص 414.

[36] RIME 3/2 Ur-Nammu E312.1.1, p.11.

دەبەنەوە بۆ وڵاتی سومەر و لە شاری ئور دەینێژن.[37] نووسینە سومەرییەکە بەم شێوەیە باسی کوژرانی ئورنەممو دەکات:*"لەو شوێنەی کە سەربڕدا و لاشەکەی ئورنەممو کەوتبوو وەك دۆلکەیەك(گۆزەیەك)ی شکاو*."[38]

### 2.2.14.نەخشەکەی دەربەندی گاور و کوژرانی ئورنەممو؟

یەکێك لەو بەڵگە شوێنەوارییانەی کەلەوانەیە پەیوەندی بەهێرشی یەکێك لە پاشایانی بنەماڵەی ئوری سێیەمەوە هەبێت بۆ ناوچەی گەرمیان و قەرەداغ، نەخشی چیایی دەربەندی گاورە لە چیای قەرەداغ، ئەم نەخشە هەرچەندە لەسەرەتادا لەلایەن ئەدمۆنزی ئەفسەری بەریتانییەوە لەساڵی 1925دا بە نەخشی نەرامسینی ئەکەدی ناسێندرا، بەڵام شێوازی کڵاو و ریشی و جلوبەرگەکەی لە نەرامسین ناچێت. بەڵکو شێوازی کڵاو و ریش و ملوانکەکەی لە وێنە هەڵکەندراوەکەی پاشا ئورنەمو دەچێت کە لەسەر میلەکەی لەشاری ئور دەردەکەوێت، هەرچەندە نووسین لەسەر نەخشەکەی دەربەندی گاور نییە و نووسین و هێمای خواوەندەکان لەسەر رووی ئەم نەخشە هەڵنەکەندراون. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەم نەخشە نەخشی پاشا ئورنەمویە و بەهۆی کوژرانییەوە ورەکارییەکانی تری تۆمارنەکراوە یان هەر هونەرمەندەکە ویستوویەتی تەنها وێنەی پاشا جەنگاوەرەکە و دوو دوژمنە کوژراوەکەی خوار پێی هەڵبکەنێت؟ ئەوەی گومانی تێدانییە کوژراوەکانی خوار پێی پاشا کە بە قەبارەیەکی زۆر بچووکتر لە پاشا وێنەیان هەڵکەندراوە و وەك ئەوەی لە شاخەکەدا کوژرابن و کەوتوون لەسەرپشت هەردووکیان تەنورەی کورتی جەنگییان لەبەردایە و پرچێکی درێژیان لەدواوە هەیە. ئەم جۆرە پرچە تایبەتمەندی پیاوانی لوللوبییەکان بوو، واتە جەنگێك لەدەربەندی گاوری ناوچەی قەرەداغ روویداوە و دوژمنێك لە دەشتی سەنگاوەوە بەدەربەندی گاوردا، ویستوویەتی بگاتە وڵاتی لوللوبییەکان لە قەرەداغ و شارەزوور، ئەو دوژمنە بەپێی بەڵگەی ئەم نەخشەبێت سەرکەوتووە بەسەر لوللوبییەکاندا لەم دەربەندەدا و تۆماری سەرکەوتنەکەشی بە کێشانی ئەو نەخشە بە نەمری هێشتووەتەوە. جا ئەو پاشایە ئورنەمو بووبێت یان شولگی یاخود ئەمارسینی کوڕی لە تۆڵەی کوژرانی باوکیان هێرشیانکردووەتە سەر ناوچەکە، یان هەر پاشایەکی هاوسەردەمی ئەوان، جێی ئاماژەیە لەبەر نەبوونی نووسین لەسەر نەخشەکە ناتواندرێت هیچ کام لەم بۆچوونانە بەشێوەیکی رەها پەسەند بکرێت.[39]

### 3.سیموروم، شانشینە بەهێزەکەی گەرمیان

لە مێژووی کۆنی گەرمیاندا هیچ شانشین و دەسەڵاتێك وەك شانشینی سیموروم بەروونی مێژووەکەی تۆمارنەکراوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاشایانی ئەم شانشینیە بۆخۆشیان گرنگی زۆریان بە تۆمارکردنی هێرش و لەشکرکێشی و رووداوەکانی هاوسەردەمی خۆیان داوە، ئەمە جگە لەوەی کە سەرچاوە سومەرییەکان، بەتایبەت تۆمارە شاهانەکانی بنەماڵەی ئوری سێیەمی سومەریش باسیان لە لەشکرکێشی بۆسەر ئەم شانشینە کردووە.

[37] Samuel Noah Kramer, "The Death of Ur-Nammu and His Descent to the Netherworld," Journal of Cuneiform Studies, Vol. 21, Special Volume Honoring Professor Albrecht Goetze, The American Schools of Oriental Research, (1967), pp. 104-122. (URL: http://www.jstor.org/stable/1359365).

[38] RIME 3/2 Ur-Nammu E312.1.1, p.20. Kramer Op.Cit., p.118, line.59.

[39] بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی مێژووی نەخشەکەی دەربەندی گاور دەڕواندرێتە: دڵشاد عزیز زاموا، "نەخشەکەی دەربەندی گاور، شیکردنەوەی بەڵگە هونەرییەکان بۆ دیاریکردنی سەردەمەکەی، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە 1، هەولێر، (2007)، لا.3-9.

### 3.1.هێرشەکانی کوڕەکانی ئورنەممو بۆ سەر شانشینی سیمورم لە گەرمیان

لەسەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەمدا شانشینی سیموروم یەکەم بەربەستی بەر ڕووی فراوانبوونی دەسەڵاتی سومەرییەکان بوو لە ناوچەکانی زاگرۆس و پێدەشتەکانی، لەبەر ئەوە پاشایانی ئەم بنەماڵەیە لەهەر لەشکرکێشییەکیاندا دژی گەلانی راپەڕیوی زاگرۆس دەبوو هێرشبکەنە سەر گەرمیان و ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتی شانشینی سیموروم داگیربکەن. لەدوای مردنی ئورنەمو شولگی (2094-2046پ.ز.) و ئەمارسین(2045-2037پ.ز.)ی کوڕی کە هەردووک یەك لەدوای یەك بوونە پاشای بنەماڵەی ئوری سێیەم و سنوری دەوڵەتەکەیان فراوانکرد و زۆربەی ناوچەکانی میسۆپۆتامیای گرتەوە و پەلی هاویشت بۆ ناوچەکانی زاگرۆس. شولگی زیاتر لە یازدە جار هێرشیکردووەتە سەر ناوچەکانی گەرمیان.[40]

شولگی نۆ جار هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکانی گەرمیان و سیمورروم، وا دیارە خەڵکی ناوچەکە و شانشینەکە هەموو جارێك دژی دەسەڵاتی سیمورروم راپەڕیون، لەبەر ئەوە پێدەچێت هەموو زستانێك لەکاتی بەفر و رێبەنداندا خەڵکی سیمورروم راپەڕینیان دژی سومەرییەکان ئەنجامدابێت و هەتا بەهار و بەفر تواندنەوە پاشای سومەری نەیتوانیوە لەشکرکێشی ئەنجامبداتەوە. بەم شێوەیە لە نووسینە شاهانەکانی سومەریدا باس لە هێرشەکانی شولگی بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیان و زاگرۆس لە ساڵەکانی بیست و پێنجەم و بیست و شەشەم و سی و دووەم و سی و سێیەم و، لەساڵی چل و چوارەمیشدا دەڵێت بۆ نۆیەم جار شاری سیمورم وێرانکرا. ئەمەش واتای ئەوەیە کە جگە لە ساڵەکانی 25و 26 و 32 و 33یەم ساڵی 44چل و چوارەمیش هەر وێرانکردنی سیموروم کراوەتە گرنگترین رووداوی ساڵ و تۆماری ئەو ساڵانەی پێکراوە. بەڵام دیارە چوارجاری تریش لە نێوان ساڵانی 33 یەم و 44 هەمی فەرمانڕەوایی شولگیدا ئەم شارە هێرشیکراوەتە سەر، بەڵام هێرشەکان ئەوەندە گرنگەنەبوون کە تۆماری ئەو ساڵانەیان پێ بکرێت. بۆ نمونە لە تۆمارەکانی شولگی دا نووسراوە کە چ ساڵێك بەناوی وێنرانکردنی سیمورمەوە ناونراوە: *"مو سیموروم کی باخول"* واتە *" ئەو ساڵەی کە سیموروم وێرانکرا "*.[41]

لە ساڵی چل و چوارەمی فەرمانڕەوایی شولگی دا، بەناوی وێرانکردنی سیموروم و لولوبومەوە ناونراون: *"مو سیموروم کی ئو لولوبی کی ئارا 10 لال-کام-ئاش با-خول"* واتە : *"ئەو ساڵەی کە شاری سیموروم و شاری لولوبو بۆ نۆیەم جار وێرانکران."*[42]

### 3.2. ئیدی(ن)-سین، پاشا بەهێزەکەی سیموروم لە گەرمیان و زاگرۆس

بە رووخانی بنەماڵەی ئوری سێیەمی سومەری، کۆتایی هات بە دەسەڵاتی بنەماڵە سومەرییەکان لەسەردەستی گەلانی سوباری و ئاموری و عیلامی بوو. بەم شێوەیە بۆ ماوەیەك ناوچەکانی زاگرۆس توانییان دوور لە هێرشی دەوڵەتەکانی باشوور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا پشوویەك بدەن. ئەم دەرفەتە بۆ شانشینی سیموروم دەرفەتێکی زێڕین بوو، چونکە نەك هەر لە ناوچەی گەرمیان کە پایتەختی شانشینەکەی لێبوو بەڵکو سنوری شانشینەکە فراوانکرد و، زۆرێك لە شار و شانشینە لوللوبییەکان و خوررییەکان لە شارەزوور و سلێمانی و رانیە و بێتواتە کەوتنە بن دەستی پاشا ئیدی(ن)-سین و کوڕەکەی کە ناوی زابازونابوو. لەو تۆمارە

---

[40] بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی هێرشەکانی پاشایانی سومەری بۆ سەر شانشین و شاری سیموروم لەگەرمیان دەڕواندرێتە :
Ahmed, (2012), Op.Cit., pp.230-340.

[41] RIME 3/2 Frayne 1997 Ur III Period (2112-2004 BC), Šulgi.E3/2.1.2., p.104.

[42] RIME 3/2 Frayne 1997 Ur III Period (2112-2004 BC), Šulgi.E3/2.1.2., p.108.

شاهانانەی کە باس لە سەرکەوتنەکانی دەکات لەسەر پێنج میلی بەردین تۆماریکردوون، میلێکیان لەبناری چیای پیرەمەگرون دۆزرایەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانییە و بە میلی غەریب هەڵەدنی ناسراوە. هەروەها سێ میلە بەردینی تریان لە بێتواتە دۆزرانەوە و بردرانە مۆزەخانەی بەغدا، بەڵام گرنگترین میلیان میلێکی بەردینە کە جگە لە نووسین وێنەی پاشا و خواوەند عەشتاری جەنگیش لەگەڵ وێنەی پاشای شاری کوللونومی لەسەر هەڵکەندراوە. ئیدی(ن)-سین پێی خستووەتە سەرسنگی پاشای شاری کوللوننوم ئاورناخوش.[43]

**4.نەخشی بێلولە، تۆماری جەنگێك لە سەر شاخەکانی رۆژهەڵاتی گەرمیان**

نەخشی هەڵکەندراوی بێلولە (کە ناسراویشە بە نەخشی هۆرێن-شێخان) لە دەربەندی بێلولە لە کۆتایی رۆژهەڵاتی چیای بەمۆ و لە نزیك گوندی باخە هەنارە و گوندی بێلولە هەڵکەندراوە. ئەم نەخشە یەکێکە لە نەخشە هەڵکەندراوە مێژووییەکانی سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز. لە لای راست (خۆرهەڵات)ی رووی ناوەوەی دەربەندەکە لە شوێنێکی سەخت و بەرزدا هەڵکەندراوە. دیمەنە هەڵکەندراوەکانی سەرنەخشەکە پاشایەکی جەنگاوەری بێ ریش و سمێڵ و دوو دیل (کە بە شێوەیەکی بچووکتر لە پاشای سەرکەوتوو هەڵکەندراون) لەگەڵ نووسینێکی مێخی لەناو چوارچێوەیەکدا نیشان دەدات. پاشاکە تیروکەوانێکی پێیە و خەنجەرێکی بەدەستی راستی گرتووە و لە پشتییەوە سەبەتەی تیروکەوانەکە داندراوە.

نووسینەکانی سەر ئەم نەخشە وەك ئەوە وایە لەلایەن هونەرمەند(نەحات)ێکی نەخوێندەوارەوە هەڵکەندرابێت، چونکە نووسینەکە بەشێوەیەك هەڵکەندراوە وەك ئەوەی یەکێك وێنەی بکێشێتەوە نەك بینووسێتەوە، هەرچەندە ناوی پاشای سەر نەخشەکە بەشێوەی تاردوننی دەخوێندرێتەوە.[44] بەڵام ئەو خوێندنەوەیەش دڵنیانییە. لەبەر ئەوە تەمەنی ئەم نەخشە بە بەراوردکردنی لایەنە هونەرییەکانی بێت دەمانگەیەنێتە چەند دەرئەنجامێك دەربارەی ئەوەی کە ئایا ئەم نەخشە دیمەنی سەرکەوتنی چ پاشایەکی تۆمارکردووە؟ بەڵام لەبەر ئەوەی ناوی ئەم پاشایە لە هیچ تۆمارێکی زاگرۆس و میسۆپۆتامیادا نەهاتووە لەبەرئەوە نازاندرێت کە ئایا ئەم پاشایە پاشای چ گەلێك بووە؟ گومانی تێدانییە کە پاشەیەکی ناوچەیی بووە و لە دەشتەکانی میسۆپۆتامیاوە نەهاتووە. شێوازی جوڵەی پێی پاشاکە و دیلەکان بەتایبەت پێ خستنە سەر سکی دوژمنەکە هاوشێوەیە لەگەڵ دیمەنی چەند میلێك وەك میلەکەی شەمشی ئەدەدی یەکەم لە ماردین کە باس لەسەرکەوتنەکانی دەکات بەسەر پاشا بونو-عەشتار لە شاری قابرا لە نێوان پردێ و هەولێر. هەروەها پاشاکەی بێلولە ملوانکەکەیەکی لەملدایە کە لە ناوەڕاستدا بازنەیەکی خڕی پێداهەڵواسراوە ئەم جۆرە ملوانکەیە لە سەدەی 18ی ملی مۆسیقاژەنێکی وڵاتی بابل لەسەر تابلۆیەکی گڵێنەیی و هەروەها لە سەر وێنەکانی سەردیواری کۆشکی پاشا زمریلم لە شاری ماری (لە رۆخی رووباری فورات لە نزیك سنوری عێراق –سوریا) دەبیندرێن، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە پاشاکەی نەخشی دەربەند بێلولە لەسەدەی19یان 18ی

[43] Shaffer, A. and N. Wasserman"Iddi(n)-Sîn, King of Simurrum: A New Rock Relief Inscription and a Reverential Seal. Mit einem Beitrag von Ursula Seidl," ZA 93 (2003), pp.1-52; Ahmed, (2012), Op.Cit., pp.273ff.

[44] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی نەخشی بێلولە دەڕواندرێتە: **Postgate, N., & Roaf, M.,** "The Shaikhan Relief," *al-Rāfidān* 18 (1997), pp.143-155.

پ.ز. دا ژیاوە. بەڵام ئەو پرسیارەی کە تا ئێستا جێگەی بەڕوونی وەڵامنەدراوەتەوە ئەویش ئەوەیە ئایا تاردوننی پاشای چ گەلێك بووە؟ پسپۆڕان دوو بۆچوونیان پێشنیارکردووە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت پاشایەکی ناوچەیی خورریيەکان بووبێت، یان پاشایەکی لوللوبییەکان، بۆ لوللوبییەکان ئەگەرەکە لاواز دەبێت، چونکە لوللوبییەکان ریش و سمێڵیان دەهێشتەوە، بەڵام وێنەی پاشاکەی بێلولە بێ ریش و سمێڵە، پاشا ئیدین-سین لە وێنەکەی سەر میلەکەیدا کە لە بێتواتەی رۆژئاوای رانیە دۆزرایەوە و دزرا و دواتر فرۆشرا و ئێستا لە مۆزەخانەی ئورشەلیمە ئەویش بێ ریش و سمێڵە، ئیدی(ن)-سین پاشای شانشینی سیموروم بوو، ئەو شانشینەی پایتەختەکەی دەکەوتە ناوچەی گەرمیانەوە، پێشنیاردەکرێت کە لەناوچەی چیای زەنگان لە نزیك بەیەك گەشتنی چەمی پونگەڵە و رووباری سیروان بێت.[45] بەڵام ئایا پاشاکەی بێلولە پاشای شانشینی سیموروم بووە؟ ئەگەرپاشاکەی نەخشی بێلولە پاشای شانشینی سیموروم بووبێت، ئەوا دەبێت دوای پاشای ئیدی(ن)-سین بووبێت. ئەگەری تریش هەن، بۆ نمونە ئایا پاشاکەی نەخشی بێلولە پاشایەکی کاشییەکان بووە یان پاشای وڵاتی نامری ناوچەی گەرمیان بووە؟ لە ئێستادا ئەم پرسیارانە بێ وەڵامن.

### 5. پاشای ئاشوری شەمشی ئەددەدی یەکەم شاری ئارا پخا(کەرکوك)ی داگیرکرد

شەمشی ئەددەدی یەکەم هێرشی کردە سەر شاری ئارا پخا و داگیری کرد، بەم شێوەیە بەشێك لە ناوچەکانی گەرمیان کەوتە دەستی ئاشورییەکان.شاری ئارا پخا لە مانگی ئادار بەشداری لە جێژنی گەرمی کرد. ئەم بارە بەو شێوەیە مایەوە هەتا میتانییەکان دەوڵەتی ئاشوری کۆنیان رووخاند و لە سەدەی شازدەوە تا سەدەی چواردەی پ.ز. بوونە میراتگری دەوڵەتی ئاشوری[46]

### 6. کاشییەکان لەگەرمیان بەرەو بابل کۆچ دەکەن

کاشییەکان یەکێك بوون لە گەلە کۆنەکانی زاگرۆس، بەشێکیان لە سەدەی هەژدەی پ.ز. و لەوانەیە پێشتریش بەرەو وڵاتی بابل کۆچییان کرد،بەڵام نەیاتوانی دەوڵەتی بابلی بڕوخێنن، لە ساڵی نۆیەمی فەرمانڕەوایی پاشای بابلی سامسوئیلونای کوڕی حامورابیدا کاشییەکان توانییان بە شێوەیەکی سەربازی خۆیان ڕێکبخەن و لەناوجەرگەی وڵاتی بابل بکەونە جەنگەوە لەگەڵ سوپای بابلی، بەڵام بە پێی نووسینە شاهانەکانی بابلییەکان کاشییەکان جەنگەکەیان دۆڕاندووە و سوپاکەیان تەفروتوناکراوە.[47] لەدوای ئەم رووداوەوە کاشییەکان بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك هیچ چالاکییەکی سەربازییان نەبوو بەڵکو بە بازرگانی و خۆ ڕێکخستنەوە خەریك بوون. لەبەر ئەوە بەشێکیان لە وڵاتی بابل مانەوە و بەشەکەی تریان

[45] RIME 3 2 Frayne 1997 Ur III Period (2112-2004 BC), p.104; Frayne, D., 1999 “The Zagros campaigns of Šhulgi and Amar-Suena” In:. Owen, D. I., and G. Wilhelm (eds.), *SCCNH* 10, Bethesda, Maryland: 141-201.

[46] Grayson, A. K., *Assyrian Rulers of the Third and Second Millennium B.C. (to 1115 BC), (The Royal Inscriptions of Mesopotamia: Assyrian Periods 1(*= RIMA I *))*, Toronto - Buffalo – London, 1987, .A.0.39.1001: ii’ 1- iv’.

[47] Brinkman, J. A., 1976-1980 b “Kassiten (Kaššû),” *RIA* V, Berlin, pp. 464-473; Ahmed 2012: 340.

رووبانكرده باكوری خۆرئاوا و بە رۆخی رووباری فوراتدا بەرەو ناوچەكانی باشوری جەزیرە لە ناوچەكانی باشوری كوردستانی رۆژئاوا لە سوریا. بەتایبەت شوێنەواری كاشییەكان لە ناوچەی تەرقە و لە ناوچەكانی رووباری فورات لە باشوری جەزیرە و ناوچەی عانەی فورات دەسەلاتیان فراوانكرد و لەوێش لە رووی سەربازی و ئابورییەوە خۆیان رێكخستەوە.[48]

دوای ئەوەی حیثییەكان توانییان لە ساڵی 1595پ.ز. هێرش بكەنە سەر دەوڵەتی بابلی یەكەم و دەوڵەتەكەیان بڕوخێنن، حیثییەكان دەسەلاتی ولاتی بابلیان رادەستی كاشییەكان كرد و خۆیان كشانەوە و، بەو شێوەیە كاشییەكان بوونە میراتگری دەسەلاتی بابلییەكان لە ناوەڕاست ولاتی بابل و باشوری میسۆپۆتامیا (ولاتی بابل) و توانییان دەوڵەتی كاشی دا بمەزرێنن و ناویان نا ولاتی كاردونیاش. ئەم دەوڵەتە لە ساڵی 1595پ.ز.ەوە تا ساڵی 1157پ.ز. بەردەوام بوو.[49]

### 6.1.ناوچەكانی گەرمیان دەبنە بەشێك لەدەوڵەتی كاشییەكان؛

لە دوای ساڵی 1595پ.ز.ەوە كاشییەكان توانییان بۆ ماوەی زیاتر لە چوار سەدە فەرمانڕەوایی باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا و بەشێك لە ناوچەكانی گەرمیانیش بكەن و كەوتنە كێشمەكێشم لەسەر ناوچەكانی گەرمیان لەگەڵ ئاشورییەكان و میتانییەكان و عیلامییەكان. لە كنەوپشكنینە شوێنەوارییەكانی تیمێكی نێودەوڵەتی لەگەرمیان لە ناوچەی كانی ماسی نزیك رووباری سیروان چەندین شوێنەواری سەردەمی كاشییەكانیان دۆزییەوە بەتایبەت ژمارەیەك پەرداخی گەورە كە ناسراون بە پەرداخی كاشییەكان.[50]

**6.2.گلێنەی كاشییەكان:** یەكێك لەو جۆرە گلێنە و گۆزە تایبەتانەی بە گلێنەی كاشییەكان ناسراوە، گلێنەیەكی شێوە لولەیی ناڕێكە. گلێنەكە بنكێكی بازنەیی پانی هەیە، پاشان لەگەڵ دەستپێكردنی لاشەكەی باریك دەبێتەوە، لەناوەڕاستی لاشەی گۆزەكەدا دووبارە ئەستوردەبێتەوە و پاشان شان و ملی گۆزەكە باریك دەبێتەوە. ئەم جۆرە گۆزەیە ناسراوە بە پەرداخی گەورە و درێژی كاشییەكان كە لەلایەن شوێنەوارناسانەوە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (Kassite Goblet). ئەم جۆرە پەرداخە درێژانە جگە لەناوچەكانی سنوری دەوڵەتی كاشییەكان لە ناوەڕاست و باشوری میسۆپۆتامیا، لە ناوچەكانی گەرمیان و زاگرۆسیش دۆزراونەتەوە.[51] لە تازەترین دۆزینەوە شوێنەوارییەكاندا لە ناوچەی گەرمیان لەلایەن تیمێكی هاوبەشی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان و زانكۆی گلاسكۆی بەریتانی و دارتماوثی ئەمریكی و زانكۆی بەتلیس لە باكوری كوردستان. لە شوێنەواری

[48] Brinkman, (1976-1980), pp.: 464-473.
[49]Brinkman, J. A., *A catalogue of cuneiform sources pertaining to specific monarchs of the Kassite dynasty, Materials and studies for Kassite history vol.1*, The Oriental Institute of the University of Chicago, (1976).

[50] Tevfik Emre Serifoglu, Claudia Glatz, Jesse Casana and Shwkr Muhammed Haydar, “The Siran (Upper Diyala) Regional Project-First Results,” in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions. Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013, Oxford : Archaeopress (2016, pp.. 403-410.
[51] Reade, J. E., “Kassites and Assyrians in Iran,” *Iran* XVI, (1978): 137-143.

کانی ماسی لە نزیک رۆخی رووباری سیروان ژمارەیەک لەم پەرداخانە دۆزرانەوە.[52] لە کنەوپشکنینەکانی ساڵی 2016دا، دۆزینەوەی بەڵگەی شوێنەواری بوو دەربارەی گرنگترین قۆناغەکانی شارستانییەت و ژیان لە ناوچەی کانی ماسی، شوێنەواری فراوانی شارستانییەت و ئاوەدانییەک بووە لەکۆتایی چاخی برۆنزی لە نێوان ساڵانی 1450-1150پ.ز. لەژێر رۆشنایی ئە نجامەکانی کنەوپشکنین لەم شوێنەوارەدا تیمەکە گەیشتوونەتە ئەو ئە نجامەی کە خانەدانەکانی ئەم ئاوەدانییە پەیوەندی شارستانی راستەوخۆیان لەگەڵ کاشییەکان لە وڵاتی بابل هەبووە.[53] ئەوکات کاشییەکان فەرمانڕەوای وڵاتی بابل (باشور و ناوەڕاست) و بەشێک لە باکوری میسۆپۆتامیا بوون. هەرچەندە ئەم تیمە شوێنەوارناسەی لە کانی ماسی کاری پشکنینیان ئە نجامداوە پێیان وایە کە پەیوەندییان لەگەڵ کاشییەکانی بابل هەبووە، بەڵام لەوانەشە دۆزینەوەی ئەم جۆرە پەرداخەی کاشییەکان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لەناوچەی گەرمیان لەوکاتەی کە دەوڵەتەکەیان لە وڵاتی بابل هەبوو بەشێک لە کاشییەکان خۆیان لەم ناوچەیە دەژیان نەک ئەوەی کە ئەم تیمە شوێنەوارناسە پێشنیاریانکردووە کەوا تەنیا پیاوماقوڵانی ناوچەکە و فەرمانڕەواکان پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی کاشی لە وڵاتی بابل هەبووبێت. ئەم ئاوەدانییە لە سەدەی 13 و سەدەی 12ی پ.ز.هێرشی کراوەتەسەر و سووتێندراوە، ئەم بەروارەش هاوکاتە لەگەڵ هێرشی عیلامییەکان بۆ سەر دەوڵەتی کاشی، کە پێدەچێت لەناوچەی گەرمیانەوە هێرشیان کردبێتە سەر دەوڵەتی کاشی و رووخانی دەوڵەتی کاشی.

### 6.3.دوای رووخانی دەوڵەتەکەیان کاشییەکان گەڕانەوە بۆ گەرمیان

عیلامییەکان بەردەوام بوون لە هێرشکردنە سەر دەوڵەتی کاشییەکان و ئەوانیش بە پەرچیان دەدانەوە و سەردەمێکیش لە رێکەوتن هەبوو ئەوکاتەی کە شازادە ناپیراسوی کاشییەکان درا بە ئونتاش خومبانی پاشای عیلامی لە ساڵی 1250پ.ز. بەڵام دوای سەدەیەک عیلامییەکان هێرشێکی فراوانیان کردە سەر دەوڵەتی کاشی و لەساڵی 1157پ.ز. کۆتاییان بە دەوڵەتی کاشییەکان هێنا. دیارە زۆرینەی کاشییەکان گەڕانەوە زاگرۆس و گەرمیان، لەگەڵ ئەوەی بۆ زیاتر لە سێ سەدەش دوای رووخانی دەوڵەتەکەیان هەندێک کەسایەتییە کاشییەکان پلەو پۆستی سەربازی و فەرمانڕەواییان هەبوو لەوڵاتی بابل.[54] بەڵام بەشێکی زۆریان گەڕانەوە ناوچەکانی گەرمیان و زاگرۆس و لە وڵاتی نامری. لە خوارەوە وردەکاری زیاتر باس دەکەین.

### 7.دەوڵەتی میتاننی رۆژئاوای گەرمیانی گرتەوە

لە سەدەی 15ی پ.ز. میتاننییەکان و خوررییەکان توانییان ئیمپراتۆرییەتی میتانی دابمەزرێنن کە سنورەکانی بەشێکی زۆر لە رۆژئاوای کوردستان تا دەریای ناوەڕاست و بەشێکی گرنگی باکوری کوردستان و هەروەها لە باشوری کوردستانیش لە ناوچەکانی کەرکوک و دەوروبەرییەوە بۆ ناوچەکانی نێوان زێی خواروو و رووباری دیجلەی دەگرتەوە و، پایتەختی

---

[52] ئەم تیمە لە ساڵی 2013 وە لە شوێنەواری (کانی ماسی)، لەم کنەوپشکنینە شوێنەوارییەدا بەڵگەی شوێنەواری گرنگییان لەسەر بەردەوام بوونی شارستانییەت و ژیان لە هەر لە سەردەمی چاخی بەردینی کانزاییەوە لە سەردەمی شارستانییەتی حەلەف (4900-4500پ.ز. تا سەردەمی ئیسلام ئاوەدان بووە، بۆ زانیاری زیاتر دەڕواندرێتە: Casana & Glatz, (2017),pp. 47–69; Serifoglu, et al., (2016), pp. 403-410.

[53] Ibid, pp.403-410.

[54] دەربارەی رووخانی دەوڵەتی کاشییەکان دەڕواندرێتە Brinkman, J. A., *A political history of post-Kassite Babylonia, 1158-722 B.C.*, Roma: Pontificium Institutum Biblicum, 1968.

ئیمپراتۆرییەتی میتاننی لە شاری واشۆکانی (تل عەجاجە لە پارێزگەی حەسەکە) بوو، هەروەها لە گەرمیان دوو شاری گرنگی میتاننی و خوررییەکان سەردەمی زێڕینیان دەستی پێکرد ئەوانیش شارەکانی ئارا پخا(کەرکوك) و نوزی (وێران تە پە)ی خوار کەرکوك بوون. لەم سەردەمەدا باری ئابوری و شارستانی ناوچەکە زۆر پێشکەوت و ئەم دوو شارە دەوڵەمەند بوون و تەنانەت بازرگانیکردن بە کۆیلەکانی ولاتی لوللوبییەکانەوە لە ناوچەی سلێمانی زیاتر برەوی سەند و پێیان دەوتر کۆیلەی نوللو (لوللو) و نرخیان لە کۆیلەکانی تر زیاتر بوو. شوێنەوارناسانی ئەمریکی لە ساڵانی 1931-1933 ژمارەیەکی زۆر نووسینی مێخی و چەند کۆشك و پەرستگەیەك و چەندین مۆر و گڵێنەی نەخشێندراو دۆزرانەوە، ئەمە جگە لە وێنەی سەردیواری کۆشك بە نەخشی میسرییە کۆنەکان کە پێدەچێت بۆ شازادەیەکی فیرعەونی رازێندرابێتەوە کە لەرێگەی هاوسەرگیری سیاسییەوە درابێتە شازادەیەکی میتانی و هاتبێتە نوزی و ئەو کۆشکەیان بە نەخشی فیرعەونی بۆ رازاندبێتەوە.[55] خوررییەکان هەر لە سەرەتای هەزارەی دووەمەوە بوونە زۆینەوە و فەرمانڕەوای شاری ئارا پخا لە کەرکوك و شاری نوزی لە باشوری شاری کەرکوك بووە بنکەیەکی سیاسی و ئابوری بەهێزی میتانییەکان.

## 7.1.رووخانی دەوڵەتی میتانی و داگیرکردنەوەی گەرمیان

لە کۆتایی سەدەی چواردەی پ.ز. ئاشورییەکان و حاتی/حثییەکان توانیان کۆتایی بە ئیمپراتۆرییەتی میتانی بهێنن. ئاشورییەکان هێرشیان کردە سەر گەرمیان و شاری ئارا پخایان داگیرکردەوە و ئەستێرەی درەوشاوەی شاری نوزیش کۆتایی هات. بەم شێوەیە بەشی رۆژئاوای ناوچەکانی گەرمیان کەوتەوە دەست ئاشورییەکان، بەلام کاشییەکان لە هەوڵدابوون بۆ دروخستنەوەی دەسەلاتی ئاشوری لەبەشەکەی تری گەرمیان، لەبەر ئەوە بەردەوام لەشەڕ یان لە رێکەوتندابوون لەسەر ئەم ناوچانە.[56]

## 8.ولاتی نامری (سێبەری دەسەلاتی کاشییەکان) لە دڵی گەرمیاندا

نامری کە لەوەو پێشیش پێی دەگوترا (ناوار) هەرێمێکی گرنگ بوو و، کەوتبووە ناوچەکانی باکوری گەرمیانەوە لە سێگۆشەی نێوان ئارا پخا (کەرکوك)-زاموا-میدیادا، وردتر دەکەوتە ناوچەکانی باکوری کەلار بۆ چیای بەمۆ و لەوێشەوە بۆ ناوچەکانی رۆژهەلات درێژدەبووەوە. لەنووسینە ئاشورییەکانی سەدەی نۆیەمی پ.ز.دا. ولاتی نامری ناوچەیەکی دەوڵەمەند و سەرە رێگەیەکی گرنگ بوو بۆ ولاتی میدیا و ناوەڕاستی ئێران و بۆ ولاتی عیلام و لەرووی بازرگانی و سەربازییەوە گرنگی خۆی هەبوو، خەڵکەکەی لە بنەڕەتدا لە کاشییەکان و خوررییەکان بوون.

### 9.1. پاشای ئاشوری شالمانیسەری سێیەم هێرشیکردە سەر ولاتی نامری:

شالمانیسەری سێیەم(858-824پ.ز.) بەم شێوەیە باس لە هێرشەکەی بۆ سەر ولاتی نامری دەکات:

---

[55] **Starr, R.F.S., 1937** *Nuzi report on the excavation….*

[56] Brinkman 1976.

*"ماردوك-موداممیق، پاشای وڵاتی نامری، متمانەی بە هێزی سوپاكەی كرد. ژمارەیەكی زۆر لە ئەسپسوارەكانی كۆكردەوە بۆ ئەوەی جەنگ دژی من رابگەیەنێت و شەڕ دژی من بكات. ریزی شەڕی دامەزراند بەرامبەر من لە رۆخی رووباری ناماریتو. ئەوم بەزاند و سوارەكانیم لێ گرت. مەردوك-موداممیق، ترسا لە رووبەڕووبوونەوەی چەكە بەهێزەكانم و دەستبەرداری شارەكانی شوموورزە، بیت-نێرگال، نیققوی وڵاتی توگلیاشی بوو، شارە شورەدارەكانی و ئەو سوپایانەش كە پارێزگارییان لێ دەكرد دەستبەرداری هەموویان بوو. بۆ ئەوەی ژیانی خۆی رزگار بكات ئەو رایكرد،(و)كۆشكەكانیم تاڵانكرد. خواوەندەكانیشیم بە تاڵانبرد. هەموو كەلوپەلەكان و شتومەكەكانی. كۆشكی ژنەكانی (و) ئەسپە راهێنرا و تەیكراوەكانی كە لە ژمارە نەدەهاتن."*[57]

شالمانیصەری سێیەمی دوای ئەو هێرشە لە ساڵی 842پ.ز.دا هێرشێكی تری بۆسەر نامری ئەنجامدا:

*"لە شانزەهەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیمدا بەرەو وڵاتی نامری (بە سوپاكەمەوە) بەڕێكەوتم. مەردوك-موداممیق پاشای وڵاتی نامری بۆ ئەوەی ژیانی خۆی رزگاربكات رایكرد. كەلوپەل و سوپاكەیی و خواوەندەكانیم برد بۆ وڵاتی ئاشور. ئیبیانزو پیاوەكەی (بیت-خانبان)م كردە بەرپرسی وڵاتی نارمری."* [58]

بەڵام وادیارە دوای هەشت ساڵ ،ئیبیانزو، ئەو میرە كاشییەی كە شالمانیصەری پاشای ئاشوری متمانەی پێكرد و لەجێگەی مەردوك-موامیق كردبییە فەرمانڕەوای نامری، ئەویش راپەڕی دژی شالمانیصەر، لەبەر ئەوە شالمانیصەر لەساڵی 834پ.ز.دا باسی لەشكركێشییەكی تر دژی ئیبیانزو و نامری دەكات:

*"لە بیست و چوارەمین ساڵی فەرمانڕەواییمدا لە رووباری زێی بچووك پەڕیمەوە و بە چیای خاشیموردا تێپەڕیم (و) بەرەو وڵاتی نامری داگەڕام، ئیبیانزو، پاشای وڵاتی نامری لە چەكە بەهێزەكانم ترسا و بۆ ئەوەی ژیانی خۆی رزگاربكات هەڵهات. شارەكانی سیخیشالاخ، بیت-تامول، بیت-شاككی (و) بیت-شێدی م گرتن، (ئەوانە) شارە شورادارەكانی (ئیبیانزو)بوون. خەڵكی ئەو شارانەم قەتلوعام كردن، تاڵانمكردن، كاول و وێرا نمكردن (و) سوتاندمن. ئەوانەی رزگاریان بوو خۆیان گەیاندە لوتكەی چیایەك، گرتمن و سەرمبڕین و تاڵانم كردن (و) كەلوپەلەكانیانم هێنایە خوارەوە."* [59]

ئەم دەقە گرنگی خۆی هەیە و هەموو ئەو بۆچوونانە رەت دەكاتەوە كە پسپۆڕان پێیان وایە نامری دەكەوێتە دیوی سنوری ئەمڕۆی ئێران، ئەم دەقە راستەوخۆ دەڵێت لە دوای پەڕینەوە لەزێی بچووك و تێپەڕبوون بە دەربەندی شاخی خاشیموردا گەیشتووەتە وڵاتی نامری، تەنانە پاشا نەگەیشتووەتە رووباری سیروان، لەبەر ئەوە پایتەختی نامری دەكەوتە رۆژئاوای رووباری سیروان و لەبەشی باكوری گەرمیان و دەربەندی خاشیمور یان یەكێك بووە لە دەربەندەكانی قەرەداغ یان دەربەندیخان بووە.

[57] RIMA III, Shalmaneser III A.0.102.6.7-20, p.40.
[58] RIMA III, Shalmaneser III A.0.102.14: 93-95, p.67.
[59] RIMA III, Shalmaneser III A.0.102.14: 110-119.

وادەرەكەوێت كە شالمانیصەری پاشای ئاشوری بەتەواوەتی لە یاخیبوونەكانی ئیبیانزوی پاشای نامری و دەوروبەری بێزاردەبێت، لەبەر ئەوە هەر بەو هێرشەوە نەوەستا كە لە ساڵی 834پ.ز.دا كردییە سەر وڵاتی نامری كە ئیبیانزو خۆی رزگاركرد و چووە لوتكەی شاخەكە، ئەم جارە شالمانیصەر هێرشێكی لەناكاوی كردە سەر وڵاتی نامری و ئیبیانزوی گرت و لەگەڵ بتی خواوەندەكانیدا بۆ شاری ئاشور رایگواستن، و شالمانیصەر بەم شێوەیە باسی ئەم هێرشە دەكات:

*"(بە خۆم و سوپاكەمەوە) بۆ دووەم جار بەرەو وڵاتی نامری جوڵام، ئیبیانزوم بەدیل گرت و لەگەڵ خواوەندەكانی و تالأنی وڵاتەكەی (و) كەلوپەلی كۆشكەكەی هەموویانم بۆ شارەكەی خۆم (شاری) ئاشور راگواست.* [60]"

### 10.وشكەساڵی و باران بڕانی ساڵانی 714پ.ز. لە گەرمیان

عەشتار-دوری لە ساڵی 714پ.ز.دا پارێزگاری ئارا پخا (كەركوك) بوو، لە یەكێك لە نامەكانیدا بۆ پاشای ئاشوری سارگۆنی دووەم مژدەی بارانبارینی دەداتێ و پاشا دڵنیا دەكاتەوە كە پەڵەیداوە و كشتوكاڵ و دانەوێڵە لەمەترسی رزگاری بووە و دەڵێت :

*"بارانێكی زۆر باری، بەروبوومی دانەوێڵە زۆر باش دەبێت، پاشا، گەورەی من دەتوانیت دڵخۆشبێت."* [61]

### 11.سە نحاریب كاشییەكانی لە چیاكانی گەرمیانەوە بۆ نزیك ئارا پخا(كەركوك) راگواست

هەروەك لە سەرەوە باسمكرد، كاشییەكان یەكێك بوون لە گەلە كۆنەكانی ناوچەی گەرمیان و توانییانە لە سەدەی 16 تا 12پ.ز. دەوڵەتی كاشی لە وڵاتی بابل دابمەزرێنن و باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا و بەشێك لە گەرمیان بخنە سنوری دەوڵەتەكەیانەوە. دوای رووخانی دەوڵەتەكەیان زۆربەیان گەڕانەوە گەرمیان. دوای چوارسەد و پە نجا و پێنج ساڵ لە رووخانی دەوڵەتی كاشییەكان، دووبارە ناوی كاشییەكان لەگەرمیان دەردەكەوێتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە ئەم گەلە رەسەنە ماونەتەوە و هۆكارەكەشی ئەوەبووە چونكە خەڵكی رەسەنی ناوچەكەبوون. پاشای ئاشوری سە نحاریب (704-681پ.ز.) لە ساڵی 702پ.ز. دا هێرشی كردە سەر ناوچە شاخاوییەكانی رۆژهەلاتی كەركوك لە رۆژئاوای رووباری سیروان/دیالە. لە هێرشەكەیدا بەم شێوەیە باس لە سەركەوتنەكانی دەكات:

*"خواوەند ئاشور، خوای من، هانی دام و منیش بەرەو وڵاتی كاشییەكان و وڵاتی ئیاسوبیگاللییەكان (بە سوپاكەمەوە) جوڵەمكرد، ئەوان دوژمنێكی ترسناكن و لەوكاتەی كە كەس بەبیری نایە بۆ هیچ پاشایەك لە پاشایانی باپیری من ملكەچ نەبوون." "لە چیا بەرزە زۆر سەختەكان (ئەوەندە سەخت بوون بەناچاری لە ئەسپ و عارەبانەكەم دابەزیم) بە سواری ئەسپ (بە شاخەكەدا سەركەوتم) و عارەبانەكە (شاهانەكە)ی خۆم لەسەر ملی پیاوەكانم(سەربازەكان)م هەڵگرت. لە بەشێكی زۆر سەختی چیاكەدا (نەمتوانی بە ئەسپ برۆم) بە پیادە وەك گامێشێكی كێوی دەسوڕامەوە." "گەمارۆی شاری بیت-كیلمازەخ م دا و شارە شورادارەكەیانم داگیركرد. خەڵكەكەیم بە گەنج و پیرەوە راگواست، ئەسپەكانیان، ئێسترەكانیان، كەرەكانیان،*

[60] RIMA III, Shalmaneser III A.0.102.40: Iii 1-2a, p..
[61] *SAA* XV 94: 14-15.

*گامێشەکانیان و مەڕ و بزنەکانیان و هەموویانم وەك تالانی شەڕ هەژمارکرد. هەموو نشینگە بچووکەکانیان کە لە ژمارە نەدەهاتن تێکم دان و وێرانمکردن و بلاوەمکردنەوە، وکردمن بە کاولە. بە ئاگر هەموو کەپر و دەوارەکانیان کە پشتیان پێی بەستبوو سوتاندمن و هەموویانم کرد بە خۆڵەمێش." "شاری بیت-کیلمازەخم دووبارە نۆژەنکردەوە و کردمەوە بە شارێکی شوراداری بەهێزتر لە جاران. خەڵکی ولاتانی تر کە داگیرمکردبوون رامگواستن بۆ ئەم شارە و نیشتەجێمکردن. خەڵکی ولاتی کاشییەکان و خەڵکی ولاتی ئیاسوبیگاللییەکان کە لە ترسی چەکەکانم رایانکردبو لە شاخەکان هێنانە خوارەوە و لە شارەکانی خاردیشپو و بیت-کوباتتی نیشتەجێمکردن. هەموویانم خستە ژێر دەسەلاتی یەکێك لە خەسێندراوەکانی خۆمەوە کە پارێزگاری شاری ئارا پخا بوو.[62] لەسەر میلێکی بەردین هەموو سەرکەوتن و داگیرکارییەکان کە بەدەستمهێنابوو بەسەریاندا تۆمارمکرد و میلەکەم لەو شارەدا چەقاند."*[63]

سەنحاریب تەنها ناوی یەك شاری هێناوە، ئەویش شاری بیت-کیلمازەیە، هەروەها دەڵێت چەندین نشینگە بچووکی لە ژمارە نەهاتوو لە دەوروبەری ئەم شارە بوون. پاشان دەڵێت "بە ئاگر کەپر و خێمەکانیانم سوتاندن." هەروەها دەڵێت "ئەسپ، ئێستر، کەر، گامێش، مەڕ و بزن"م وەك تالانی جەنگ برد.[64] و دەڵێت خەڵکەکەم لە شاخەکان هێنایە خوارەوە، لە ناوەڕۆکی ئەم نووسینەی سەنحارییەوە تێدەگەین کە کاشییەکان و یاسوبیگاللییەکانیش شوانکارەبوون، و لەوانەیە گەرمێن و کوێستانیان کردبێت. چونکە نووسینەکە ئاماژە بە کەپر و دەوارنشینەکان دەکات. هەروەها لە نێو تالانییەکاندا تەنها ئاژەڵی ئەسپ و ئێستر و کەر و مەڕو مالات و گامێش ئاماژەی پێکراوە، ئەم جۆرە دەستکەوتانەش لە خەڵکی شارنشین بەدەستنایەن و لەوانەیە ژیانیان پشتی بەستبێت بە شوانکارەیی، هەرچەندە بەشێکیان لە شاری (بیت-کیلمازە) ژیاون، بەلام زۆرینەیان شوانکارەی گەڕۆك بوون و دەوارنشین بوون.

**12. پارێزگاری دێر (ناوچەی بەدرە و مەندەلی) نامە نووسی دەویست:**

پارێزگاری دێر (ناوچەی بەدرە و مەندەلی) کە ناوی سین-ناعدی بوو، هەرچەندە دەیتوانی بنووسێ، بەلام خوێندەوارییەکەی زۆر باش نەبوو، لە نامەیەکدا بۆ پاشای ئاشوری سارگۆنی دووەم دەنووسێت و داوای ناردنی نووسەرێك دەکات بۆ دیوانی پارێزگار، چونکە نووسەری نەبووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو نامەیە کە بە خەتی مێخی و زمانی ئەکەدی (شێوەزاری ئاشوری) نووسراوە، چەند هەڵەیەکی رێزمانی تێدایە، ئەمەش بەشێکی نامەکەیە:

[62] پاشایانی ئاشوری لە هەندێك بنەماڵە گەنجانیان هەڵدەبژارد و دەیانخەساندن(لە پیاوەتییان دەخستن) و، پاشان لە کۆشکدا رادەهێندران بۆ کاری نووسین و کارگێڕی و ئابوری کۆشك و، دەبوونە نزیکترین کەسانی پاشا لە رووی متمانەوە، چونکە پاشا لە دوو رووەوە لێیان دڵنیادەبوو، لەرووی خیانەتی سیاسی و خێزانییەوە، لە هونەری ئاشوریدا ئەم خەسێندراوانە بێ ریش و سمێڵ و قژدرێژن.

[63] RINAP 1, 3.1., p.10; 3.1.3. 20-26, p.52; RINAP 3/1: 20-26; Zadok 2002b: 8.10

[64] RINAP 3/1: 20-26.

*"بۆ پاشا، گەورەی من، خزمەتكارت سین-ناعدی. هیوای تەندروستییەكی باش بۆ پاشای من. لەو شوێنەی كە پاشا منی ناردووە(ببمە پارێزگار، واتە لە دێر) نووسەرم نییە. با پاشا راستەوخۆ لەرێگەی پارێزگاری ئاراپخا (كەركوك)ەوە یان لە رێگەی (ئاشور-بێلو-تاقێن)ەوە نووسەرێكم بۆ بنێرێت."*[65]

**13.كە یخوسرەوی میدیا لە ئەیلولی 615پ.ز. دا شاری ئاراپخا(كەركوك) ی لە ئاشورییەكان رزگاركرد**

لە كۆتایی مانگی ئەیلولی ساڵی 615پ.ز.دا كە یخوسرەوی پاشای میدیا لە كرماشانەوە بەرەو گەرمیان هات و توانی شاری ئاراپخا و گەرمیان لە دەستی ئاشورییەكان دەربهێنێت و بیخاتە سەر دەوڵەتی میدیا. لە تۆماری شاهانەی بابلییەكاندا بەم شێوەیە باس لەم رووداوەكراوە و بە زمانی بابلی نووسراوە:*"ئینا (ئاراخ) ئاراخسامنی مات مادای ئانا مات ئاراپخو ئوردامما...."* واتە *"لە مانگی ئۆكتۆبەردا وڵاتی میدیا(میدییەكان) هاتنەخوارێ بەرەو وڵاتی ئاراپخا."*[66]

ئەمەش هەنگاوێك بوو بۆ هێرشكردنە سەر دەوڵەتی ئاشوری و توانی لەماوەی سێ ساڵی تردا شارەكانی ئەربائیل(هەولێر) و ئاشور و پاشان لە ساڵی 612پ.زدا نەینەوای پایتەختی ئاشورییەكانی گرت و بەم شێوەیە گەرمیان و گشت ناوچەكانی زاگرۆس و باكوری میسۆپۆتامیا بوونە بەشێك لە ئیمپراتۆرییەتی میدیا.

**14.لە ساڵی550 پ.ز.دا فارسەكان ئیمپراتۆرییەتی میدیا دەڕوخێنن و گەرمیانیش داگیردەكەن**

لە ساڵی 550پ.ز.دا میری فارسی كۆرشی دووەم توانی ئیمپراتۆرییەتی میدیا بڕوخێنێت و بەم شێوەیە هەموو زاگرۆس و ناوچەكانی گەرمیان كەوتە دەستی فارسەكان. لە ساڵی 547پ.ز. دا كۆرش بە گەرمیاندا بەرەو ئەربائیل *"لە مانگی نیساندا، پاشای وڵاتی پارسو، سوپاكەی كۆكردەوە و لە خوار ئەربیل(هەولێر)ەوە پەڕییەوە."*[67] و لەوێوە ئورارتو (لە باكوری كوردستان) و لیدیا(لە رۆژئاوای ئەنادۆڵ)ی داگیركرد.

**15. لە 1ی ئۆكتۆبەری ساڵی 331پ.ز.دا ئەسكەندەری مەكدۆنی لە شەڕی ئەربێلادا كۆتایی بە ئیمپراتۆرییەتی فارسی هاخامەنشی هێنا و بە گەرمیاندا بەرەو بابل رۆیشت.**

**16.گۆڕی میرەكانی سەردەمی ئەشكانی لە گەرمیان لە شوێنەواری سەرقەڵا دۆزرایەوە (57پ.ز. تا 191ز.)**

لە ساڵی 138پ.ز. ئەشكانییەكان دەوڵەتی سەلوقی دەڕوخێنن و تا 224ز. فەرمانڕەوایی زاگرۆس و ئێران و میسۆپۆتامیا دەكەن و، ناوچەكانی گەرمیانیش لەم سەردەمەدا گرنگی خۆی هەبوو بەتایبەت كە لە تەیسەفونی پایتەختی ئەشكانییەكانەوە زۆر دوورنەبوو. لەم سەردەمەدا زۆربەی ناوچەكان ئۆتۆنۆمی خۆیان هەبوو.

یەكێك لەو دۆزینەوە گرنگە شوێنەوارییانەی كە لە ناوچەكانی گەرمیان ئەنجامدراون، گۆڕە گومەزدارەكەی میرەكانی گەرمیانە كە لە سەردەمی ئەشكانیدا لەوێ نێژرابوون و گۆڕی بنەماڵەیەكی فەرمانڕەوا و دەوڵەمەندی گەرمیان بوون. ئەم گۆڕە لە سەرقەڵا دۆزرایەوە و لە ساڵی 2013دا لەلایەن تیمێكی شوێنەوارناسی گەرمیانەوە كنەوپشكنینی تێدائەنجامدرا. لەم

[65]*SAA* XV 17; Radner 2014a: 69.
[66] Wiseman 1956 B.M.21901.line.23. p.57.
[67] Amélie Kuhrt, The Persian Empire: A Corpus of Sources from the Achaemenid Period, USA, 2007, p.50.

گۆڕەدا چەند تابوتێکی گڵجۆشی ڕەنگ شوشەیی پیرۆزەیی دۆزرانەوە لەگەڵ ئێسکی چەند میر و شازادەیەك و، چەندین کەلوپەلی و سکەی سەردەمی ئەشکانی کە ئێستا لە مۆزەخانەی گەرمیان لە قەڵای شێروانە نمایشکراون. لەنێو ئەو پارچە شوێنەوارانەدا ژمارەیەك سکەی ساسانی دۆزرانەوە کە بۆ سەردەمی چوار پاشای ئەشکانی دەگەڕێنەوە، ئەوانیش سکەکانی پاشا (ئۆرۆدێسی دووەم کە ناسراوە بە ئەردەدۆم (57-38پ.ز.)، ڤۆلۆگاسێس(بەلاش)ی یەکەم (51-78ز)، ئەرتەبانۆس(ئەردەوان)ی سێیەم (80-90ز.)، ڤۆلۆگاسێس(بەلاش)ی سێیەم (105-147ز.)، ڤۆلۆگاسێس(بەلاش)ی چوارەم (147-191ز.).[68]

### 17. پەیکوڵی یەکەم مۆنۆمێت لە گەرمیان و درێژترین نووسینی شاهانەی ساسانی لە جیهان

پاشای ساسانی نێرسە (293ز)، لەدوای مردنی باوکی لە کێشەو جەنگدابوو لەگەڵ مامی کە تەختی شاهانەی ساسانی لێ زەوتکردبوو. لەبەر ئەوە نێرسە هەوڵیدا کە لایەنگران لە ناوچە و هۆز و نەتەوە جیاوازەکانی سنوری دەوڵەتی ساسانی لەخۆی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی تەختی شاهانەی ساسانی بەدەستبهێنێتەوە. ئەوەبوو لە باکوری خۆرئاواوە بەرەو ناوجەرگەی دەوڵەتی ساسانی گەڕایەوە و لە پەیکوڵی لە رۆژئاوای دەربەندیخان توانی سەرکەوتن بەسەر مامیدا بەدەستبهێنێت. بۆ ئەم یادەش مۆنۆمێنتێکی سەرکەوتنی دروستکرد لە شێوەی قوللەیەکی گەورەی لاکێشەیی بەردین و بە پەیکەری گەورەی سەری خۆی رازاندییەوە و، لە سەر دەیان بەردی گەورە بە ئەلف و بێی پەهلەوی و ئەشکانی سەرکەوتنەکەی خۆی و ناوی هەموو ئەو هۆز و نەتەوانەی کە هاوکاری بوون تۆمارکردووە. بەم شێوەیە ئەم نووسینەی نێرسە بەدرێژترین نووسینی شاهانەی ساسانییەکان دادەندرێت لە جیهاندا، بەردەنووسراوەکان ئێستە لە مۆزەخانە سلێمانین.[69]

### 17.2. تۆپ عەسکەر، شوێنەواری ئاوەدانییەکی ساسانییەکان

لەم چەند ساڵەی رابردوودا شوێنەوارناسانی گەرمیان ژمارەیەك شوێنەوار و ئاوەدانی شوێنەواری گرنگیان دۆزییەوە، لە نێویاندا شوێنەواری تۆپ عەسکەربوو، کە ئاوەدانییەکی سەردەمی ساسانییەکان بوو چەندین پارچە شوێنەواری ئەم سەردەمەی تێدا دۆزرایەوە، لە نێوانیاندا گڵێنە و سکەی ساسانی تێدابوو.[70]

### 17.3. گۆڕدەخمەکانی کفری

لەباکوری رۆژئاوای کفری چەندین گۆڕدەخمە لە ناوچە چیاییەکە هەڵکەندراون، ئەو گۆڕانە گۆڕی زەردەشتییەکانی سەردەمی ساسانییەکانن و شوێنەکەشیان لەرێگەی سەرەکی حەجی زەردەشتییەکان بووە لە تەیسەفونەوە بەرەو تەختی سولەیمان وشیز.

---

[68] بە سوپاسەوە تیمەکەی شوێنەواری گەرمیان راپۆرتەکەیان نیشاندام و رێگەیان پێدام کە بەکورتی ئاماژە بەم دۆزینەوەیە بکەم.

[69] Gianfilippo Terribili and Alessandro Tila, “The Activities of the Italian Archaeological Mission in Iraqi Kurdistan (MAIKI): The survey area and the new evidence from Paikuli blocks documentation,” in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions. *Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013*, Oxford : Archaeopress, (2016), pp.417-426.

بۆ وردەکاری دەقەکە، دەڕواندرێتە : کۆزاد محمد ئەحمەد، "پەیکوڵی: شوێنەوارێکی گرنگ...دەقێکی لەبیرکراو،" ژین 3(2011)؛ ل 11-36.

[70] بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری گەرمیان، "راپۆرتێکی سەرەتایی دەربارەی کنەوپشکنینەکانی گۆڕستانی تۆپ عەسکەر،" گۆڤاری سوبارتو، ژمارە 8، هەولێر (2014)، لا 133-154.

ئەمە جگە لەو شوێنەوارانە، شوێنەواری کۆشکی حەوش کوڕو و جۆگەی گاوری کە هەردووکیان بە شوێنەواری سەردەمی ساسانی دادەندرێن.[71]

**کۆتایی و دەرئە نجامەکان**

**لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند دەرئە نجامێك:**

1. هەروەك بەڕوونی دەردەکەوێت، بۆ نووسینەوەی کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان چەندە پێویستمان بە تۆمارە کۆنەکان هەبوو، ئەوەندەش بەڵگە و دۆزینەوە شوێنەوارییەکان وەك کەرەستە و بەڵگەی مادی لایەنە شاراوەکانی مێژوو و شارستانییەتی ئەم ناوچەیە روون دەکەنەوە.
2. بەڵگە شوێنەوارییەکان دەریا نخستووە کە ناوچەکانی گەرمیان یەکێکن لە کۆنترین ئەو ناوچانەی کە سەرەتای ژیانی مرۆڤی تێدا دەرکەوتووە و، زیاتر لە سەد و بیست هەزارساڵ لەمەوبەر لە پێدەشتەکانی چیاکانی دەوروبەری گەرمیان مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن ژیاوە.
3. یەکێك لە کۆنترین کارەکانی هونەری هەڵکەندن لەسەر بەرد لە ناوچەی هۆرێن دۆزاوەتەوە، کە دیمەنی بزنە کێوییە و مرۆڤەکانی چاخی بەردینی ناوەڕاست دروستیان کردووە.
4. رۆڵی مرۆڤەکانی ناوچەی گەرمیان لە شۆڕشی کشتوکاڵی چاخی بەردینی نوێدا بەڕوونی دیارە، لە گوندی چەرموو کشتوکاڵ و گۆزەدروستکردن و بیناسازی لادێ لەو داهێنانە گرنگانەبوون کە لە هەزارەی حەوتەمی پ.ز.ەوە هەتا سەدەیەك لەمەوبەر بەهەمان شێوازە لە ناوچەکەدا بەردەوام بوون.
5. لە نزیك مەندەلی لە چۆخە مامی دیمەنی کۆنترین هەڵپەڕکێی کوردستان دۆزرایەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتی سامەڕا (5500-4900پ.ز.). ئەم هەڵپەڕکێیە لەوانەیە بۆ باران بارین بووبێت.
6. لە چاخی بەردینی کانزاییدا ژیان و شارستانییەت لە گەرمیان بەردەوام بووە، لە گردی رەحیم نزیك ناحیەی رزگاری شوێنەواری کۆنترین گوندی ئەم سەردەمە دۆزرایەوە کە ئەویش شێوازای بیناسازی و گڵێنەی شارستانییەتی حەلەف (4900-4500پ.ز.)ە.
7. ژمارەیەك گەلی رەسەنی کۆنی زاگرۆس لە ناوچەکانی گەرمیان دەژیان وەك گوتییەکان، بەشێك لە لوللوبییەکان، خوررییەکان (بەتایبەت شانشینی سیمورروم و پاشایانی شاری کارخار) و کاشییەکان و پاشان میتانییەکان. هەروەها ئامورییەکانیش لە کۆچە درێژەکەیاندا لەوڵاتی شامەوە بە باکوری میسۆپۆتامیادا هاتنە گەرمیان و دواتر بەرەو ناوچەکانی باشور بەرێکەوتن و هەندێکیان لە باشوری رۆژئاوای گەرمیان نیشتەجێ بوون. جگە لەوەی ئاشورییەکان عیبرییەکان و ئارامییەکان و تەنانەتە تاکە تاکە یۆنانییەکانی کەناراوەکانی ئەنادۆڵیان بۆ ناوچەکانی دەوروبەری گەرمیان راگواستووە.

---

[71] بريار احمد، بررسي و تحليل باستان شناختي اثار معماری ساسانی منطقه بين رودخانة های زاب کوچك و سيروان، پايان نامه برای دريافت درجه کارشناسی ارشد گروه باستان شناسی، دانشگاه تهران، دانشگاه ادبيات و علوم انسانی، 2018، 55.

8. یەکێك لە ئەنجامە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە تیشکخستنە سەر کاشییەکانە، ئەو گەلە رەسەنەی زاگرۆس کەلە سەرەتای هەزارەی دووەمەوە بەشێکیان کۆچیانکرد بۆ ولاتی بابل و دواتر بۆ ناوچەکانی فوراتی سوریا، و لە سالی 1595پ.ز. توانییان دەوڵەتی کاشی دابمەزرێنن و هەموو باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا و بەشێك لە گەرمیان بخەنە سەر ئەم دەوڵەتە. تازەترین بەڵگە شوێنەوارییە دۆزراوەکانی کەناری رووباری سیروان لەگەرمیان بەڵگەی بوونی کاشییەکان لە گەرمیان پشتڕاست دەکاتەوە. هەروەها بە پشت بەستن بە نووسینە شاهانەکانی سەنحاریبی پاشای ئاشوری توێژەر توانیویەتی دوو خاڵ روون بکاتەوە، یەکەم ئەوەیە کە کاشییەکان دوای رووخانی دەوڵەتەکەیان گەڕاونەتەوە گەرمیان و لە شاخەکانی رۆژهەلاتی گەرمیان و رۆژهەلاتی هەرێمی ئاراپخا(کەرکوك)ژیاون. دووەم خاڵ ئەوەیە کە کاشییەکان دوای زیاتر لە چوار سەدە لە رووخانی دەوڵەتەکەیان هەروەك گەلێك مابوونەوە و زیاتر لە چیا سەختەکانی دەوروبەری گەرمیاندا بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە خەریك بوون و تا بۆ دواجار لە سالی 702پ.ز. سەنجاریب زۆربەیان راگواست بۆ سنوری پارێزگای ئاراپخا و لەوێ نیشتەجێی کردن و خەڵکی ناوچەکانی تری بەزۆر راگواستووە بۆ شار و ناوچەکانیان. ئەمانەش بەڵگەی ئەوەن کە کاشییەکان یەکێك بوون لە گەلە کۆنەکانی گەرمیان بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ لە سەدەی هەژدەی پ.ز.ەوە تا کۆتایی سەدەی هەشتەمی پ.ز. لە ناوچەکەدا ژیاون و دواتریش زۆرینەیان راگواستراون بۆ رۆژئاوای گەرمیان لەسنوری ئاراپخا(کەرکوك)، بەم شێوەیە روون دەبێتەوە کاشییەکان گەلێکی رەسەنی گەرمیان بوون. بەڵگە شوێنەوارییە دۆزراوەکانی کانی ماسی نزیك رووباری سیروانیش ئەو راستییە دەسەلمێنن کە تەنانەت لەوکاتەی کاشییەکان لە باشور و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا دەوڵەتیان هەبوو، لە گەرمیان کاشییەکان دەژیان و پەیوەندییان لەگەڵ کاشییەنی سنوری دەوڵەتی کاشی و گلێنە و دۆلکە گلێنەییە(Kassite Goblets)کانی کاشییەکان باشترین بەڵگەن).

9. پاشایانی سومەری لە هێرشی بەردەوام دابوون بۆ سەرناوچەکانی گەرمیان، چونکە ناوچەیەکی ستراتیجی و گرنگ بوو کە دەشتەکانی میسۆپۆتامیای بە زاگرۆس و بانەکانی ئێران و دەشتەکانی ولاتی عیلامەوە دەبەستەوە. ئورنەموی پاشای سومەری لەشەڕێکدا لە ناوچەی گەرمیان کوژرا، شولگی کوڕی نۆ جار هێرشیکردە سەر شانشینی سیموروم لەگەرمیان. لەوانەیە نەخشی دەربەندی گاور یەکێك لەو دوو پاشایە نیشان بدات و دوژمنەکانی پاشاکەش لە لوللوبییەکان بوون کە هاوسنوری شانشینی سیموررووم بوون.

10. نەخشی بێلولە کە دیمەنی پاشایەکی جەنگاوەری سەرکەوتووی ناوچەی گەرمیان نیشان دەدات، مێژووەکەی بۆ سەدەی 19پ.ز. دەگەڕێتەوە. نووسینەکەی سەری زۆر باش ناخوێندرێتەوە چونکە ئەو هونەرمەندەی کە نووسینەکەی لەسەر شاخەکە هەڵکەندووە لەبەر نووسینێکی تر نووسیویەتییەوە، لەوانەیە هونەرمەندە خوێندەوار نەبووبێت.

11. دۆزینەوەی گۆڕە شاهانەکەی سەرقەلا کە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە گەرمیان وەك هەولێر گرنگ بووە بۆ میر و پاشایانی ئەم سەردەمە.

12.ناوچەکە گرنگی زۆری هەبووە لەسەردەمی ساسانییەکاندا، لەگرنگترین ئەو بەڵگە شوێنەوارییانەی کە لەم ناوچەیە دۆزراوەتەوە نووسینە شاهانەکانی پاشا نێرسەیە کە درێژترین نووسینی شاهانەی ساسانییەکانە. هەروەها دۆزینەوەی شوێنەواری تۆپ عەسکەر و کۆشکی حەوشکورِ، و جۆگەی گاوری بەڵگەی گرنگی ناوچەکەن لەم سەردەمەدا.

13.ئاووهەوای گەرمیان گرنگی خۆی هەیە، هەروەك چۆن بەشێك لە گەرمیان هەندێك جار تووشی وشکەساڵی دەبێت بەهەمان شێوەش، لە ساڵی 714پ.ز. باران بارین دوا دەکەوێت، بەڵام لەکۆتاییی دا باران و پەڵە دێت و پارێزگاری ئاراپخا مژدە دەدات بە پاشای ئاشوری.

14.بێگومان نووسینەوەی کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان لە توێژینەوەیەکدا کۆتایی نایەت و لێرەدا تەنها تیشکخراوەتە سەر رووداوە هەرە سەرەکییەکان. کنەوپشکنینە شوێنەوارییەکان و دۆزینەوەی نووسینە مێخییەکان لە داهاتوودا لەوانەیە مێژووی کۆنی ناوچەکە زیاتر رووبکاتەوە وردەکاری زیاتر دەربخات.

**سەرچاوەکان**


- انطون مورتكَات، الفن في العراق القديم، ترجمة:عيسى سلمان و سليم طة التكريتي، بغداد، (1975)، ص ص205-229.
- بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری گەرمیان، "راپۆرتێکی سەرەتایی دەربارەی کنەوپشکنینەکانی گۆڕستانی تۆپ عەسکەر،" گۆڤاری سوبارتو، ژمارە 8، هەولێر (2014)، لا 133-154.
- بريار احمد، بررسي و تحليل باستان شناختي اثار معماری ساسانی منطقه بين رودخانة های زاب كوچك و سيروان، پايان نامه برای دريافت درجه كارشناسی ارشد گروه باستان شناسی، دانشگاه تهران، دانشگاه ادبيات و علوم انسانی، 2018، 55.
- دلشاد عزيز زاموا، "دراسة تحليلية للزخارف الآدمية و الحيوانية على فخاريات حضارة سامراء(5500-4900 ق.م.)، مجلة هزارميرد، العدد 25، السليمانية (2004)، ص ص 243-270.
- دڵشاد عزيز زاموا، "نەخشەکەی دەربەندی گاور، شیکردنەوەی بەڵگە هونەرییەکان بۆ دیاریکردنی سەردەمەکەی، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە 1، هەولێر، (2007)، لا.3-9.
- طه باقر، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، ج1، بلاد الرافدين، بغداد(2012).
- کۆزاد محمد ئەحمەد، "پەیکوڵی: شوێنەوارێکی گرنگ...دەقێکی لەبیرکراو،" ژین 3(2011)؛ ل 11-36.
- Amélie Kuhrt, The Persian Empire: A Corpus of Sources from the Achaemenid Period, USA, 2007, p.50.
- Andre Tome, Ricardo Cabral and Steve Rentette, “The Kani Shaie Archaeological Project,” in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology

of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions. *Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013*, Oxford : Archaeopress, (2016), pp.427-434.

- Behzad M. Nasrabadi,"Beobachtungen zum Felsrelief Anubaninis," ZA 94 (2004), pp.291-303;
- Brinkman, J. A., *A political history of post-Kassite Babylonia, 1158-722 B.C.*, Roma: Pontificium Institutum Biblicum, 1968.
- Brinkman, J. A., *A catalogue of cuneiform sources pertaining to specific monarchs of the Kassite dynasty, Materials and studies for Kassite history vol.1*, The Oriental Institute of the University of Chicago, (1976).
- Brinkman, J. A., 1976-1980 b "Kassiten (Kaššû)," *RIA* V, Berlin, pp. 464-473.
- Burce Howe, "Karim Shahir," In: Braidwood, L., et al., Prehistoric Archaeology along the Zagros Flanks, Chicago, (1983), pp.23-155.
- Cecil, J. Edmonds "Two More Ancient Monuments in Southern Kurdistan," The Geographical Journal, Vol. 72, No. 2 (Aug., 1928), pp. 162-163.
- Dlshad A. Marf, Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros, PhD dissertation, Assyriology Department, Leiden University, Netherlands, (2016).
- Dlshad Marf "Deified mountains in the Zagros; Nishba, Batir, Andarutta, and Hiptunu," Paper presented in the *Zagros symposium*, organized by the NINO in Leiden, December 1st 2014.
- Dlshad A. Marf, (forthcoming) "Deified mountains in the Zagros; Nishba, Batir, Andarutta, and Hiptunu," Paper presented in the Zagros Symposium, organized by the NINO in Leiden, December 1st & 2nd, 2014.
- Editorial Staff, "Remains of stone age hunters found in Iranian Kurdistan" EKurd Daily News, December 31st 2015, http://ekurd.net/stone-age-hunters-iranian-kurdistan-2015-12-31.
- Edzard, D. O. and M. Gallery "Kutha," *RlA* 6 (1980-1983), pp.384-387.
- Fuchs, A., and Parpola, S., 2001 *The Correspondence of Sargon II, Part III: Letters from Babylonia and the Eastern Provinces, State Archives of Assyria* XV. Helsinki.= SAA XV =
- Grayson, A. K., 1996 *Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 2 (858-745 BCE) (The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods II/I)*, Toronto - Buffalo – London. = RIMA III.

- Grayson, K., and Novotny, J., 2012 *The Royal Inscriptions of Sennacherib, King of Assyria (704-681 BC), Part 1, Royal Inscriptions of the Neo-Assyrian Period*. Winona Lake, Ind : Eisenbrauns.= RINAP III/I.

- Frayne, D., 1993 *Sargonic and Gutian Periods (2334-2113 BC), The Royal Inscriptions of Mesopotamia. Early Periods*. Toronto – Buffalo – London.= RIME II.

- Frayne, D.R., "On the Location of Simurrum", in Young, G. D., Chavalas, M. W. and Averbeck, R. E. (eds.), Crossing Boundaries and Linking Horizons: Studies in Honor of Michael C. Astour. Bethesda: CDL Press, 1997, pp. 243–69.
- Frayne, D., 1997 *Gudea and His Dynasty, The Royal Inscriptions of Mesopotamia. Early Periods* III/1. Toronto – Buffalo – London.= RIME III/1.

- Frayne, D., 1997 *Ur III period (2112-2004 BC): The Royal Inscriptions of Mesopotamia. Early Periods, RIME 3/2,* Toronto [etc.]: University of Toronto Press.= RIME III/2.

- Frayne, D., 1999 "The Zagros campaigns of Šhulgi and Amar-Suena" In:. Owen, D. I., and G. Wilhelm (eds.), *SCCNH* 10, Bethesda, Maryland: 141-201.

- Gianfilippo Terribili and Alessandro Tila, "The Activities of the Italian Archaeological Mission in Iraqi Kurdistan (MAIKI): The survey area and the new evidence from Paikuli blocks documentation," in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions. *Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013,* Oxford : Archaeopress, (2016), pp.417-426.

- Grayson, A. K., *Assyrian Rulers of the Third and Second Millennium B.C. (to 1115 BC), (The Royal Inscriptions of Mesopotamia: Assyrian Periods 1(*= RIMA I *)),* Toronto - Buffalo – London, 1987, .A.0.39.1001: ii' 1- iv'.

- Howe, B., Barda Balka, with Foreword by Yorke M. Rowan, Oriental Institute Communications, Chicago, (2014), pp. 1-29. See also, Naji Al-Asil, "Barda Balka," Sumer Journal vol.5, Baghdad, (1949), pp. 205-206.
- Jesse Casana & Claudia Glatz, "The Land Behind the Land Baghdad: Archaeological Landscapes of the Upper Diyala (Sirwan) River Valley," IRAQ (2017), vol. 79, pp. 47–69. esp. fig.4, p.53ff.

- Joan Goodnick Westenholz "Heroes of Akkad," Journal of the American Oriental Society, Vol. 103, No. 1, Studies in Literature from the Ancient Near East, by Members of the American Oriental Society, Dedicated to Samuel Noah Kramer (Jan. - Mar., 1983), pp. 327-336; also see,
- Kozad M. Ahmed, The Beginnings of Ancient Kurdistan (c.2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis, PhD dissertation, Leiden University, (2012).
- Marta Luciani, M. van Ess and K. Rasheed Raheem, "Recent research on the site of Chemchemal and its surrounding region," Paper presented in the international conference *Archaeological Research in the Kurdistan Region of Iraq and the adjacent areas*, Athens, November 1st-3rd 2013.
- Postgate, N., & Roaf, M., "The Shaikhan Relief," *al-Rāfidān* 18 (1997), pp.143-155.
- Radner, K., 2014 "An Imperial Communication Network: The State Correspondence of the Neo-Assyrian Empire," In: Radner, K., (ed.), *State Correspondence in the Ancient World: From New Kingdom Egypt to the Roman Empire*, Oxford University Press: 64-93.
- Reade, J. E., "Kassites and Assyrians in Iran," *Iran* XVI, (1978): 137-143.
- Samuel Noah Kramer, "The Death of Ur-Nammu and His Descent to the Netherworld," Journal of Cuneiform Studies, Vol. 21, Special Volume Honoring Professor Albrecht Goetze, The American Schools of Oriental Research, (1967), pp. 104-122. (URL: http://www.jstor.org/stable/1359365).
- Simo Parpola and & Porter, M., *The Helsinki Atlas of The Near East in the Neo Assyrian Period*, Helsinki. (2001), map.4.
- Shaffer, A. and N. Wasserman"Iddi(n)-Sîn, King of Simurrum: A New Rock Relief Inscription and a Reverential Seal. Mit einem Beitrag von Ursula Seidl," ZA 93 (2003), pp.1-52.
- Starr, R.F.S., 1937 *Nuzi report on the excavations at Yorgan Tepa near Kirkuk, Iraq conducted by Harvard University in conjunction with American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931*, Vol. I, Harvard University Press, (1937).
- Tevfik Emre Serifoglu, Claudia Glatz, Jesse Casana and Shwkr Muhammed Haydar, "The Siran (Upper Diyala) Regional Project-First Results," in: Kopanias, K, and J. MacGinnis, (eds.) Forthcoming. The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq

and Adjacent Regions. Conference Proceedings, Athens, November 1st-3rd 2013, Oxford : Archaeopress (2016, pp.. 403-410.

- Winter, I., J., “The Conquest of Space in Time: Three Suns on the Victory Stele of Naram-Sîn,”In: Dercksen, J.G., & Larsen, M. T., (eds.), *Assyrian and Beyond studies presented to Mogens Trolle Larsen*, Leiden: NINO, (2004): 607-628.
- Zadok, R., 2002 *The Ethno-linguistic Character of Northwestern Iran and Kurdistan in the Neo-Assyrian Period*, Jerusalem.

- Wiseman, D. J., 1956 *Chronicles of Chaldaean Kings (626-556 B.C.) in the British Museum*, London.

# Chronology of Culture and History of Garmian district in the light of the archaeological evidence and the ancient records

## (From Paleolithic to the late Sassanian period)

Dlshad A. Marf Zamua

Instructor at the Department of Archaeology, Salahaddin University-Erbil
dlshadazamua@gmail.com

## Abstract

The archaeological discoveries in the Garmian region along the Sirwan/Diyala river and its neighboring valleys and plains showed a rich culture began from the Lower Paleolithic in the earliest workshops of stone tool makers to the first villages during the Neolithic, then to the Chalcolithic Age. Besides, the author relies on the cuneiform records of the local and Mesopotamian rulers dealt with the history and culture of the region from different prospective.

This paper deals with the chronology of culture and history of Garmian district from the Paleolithic to the late Sassanian period, the author relies on the results of the archaeological previous and recent discoveries and the cuneiform and other ancient texts, these evidence give a good sequence in order to understand the development of culture in the region and as well the cuneiform records give a rich details about the historical events and the local kingdoms of the region. This paper is the first attitude in rewriting the chronology of the region from both cultural and historical prospectives in the light of both archaeological and cuneiform and other ancient records. Moreover, the author tried to make the results of the local archaeological field works and excavations become visible, which is not well known for the foreign scholars abroad.